بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ژمارە (14) 15/10/2017 | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## لەپێشوازی یادی ١٠٠ ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، دنیا لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە شۆڕشێکی ترە!

# دەبێ بەهێزی ڕێکخراو و چەکداری جەماوەری هەڕەشەو پلانەکانی عەبادی، وەڵامیان پێبدرێتەوە!

### لینین: دەوڵەت لەحاڵی لەرزین و لەرینەوەدایە. ئەبێ بەهەر نرخێک بووە، کاری بەکۆتا بگەیەنرێت! دواکەوتن لە هەنگاونان، یەکسانە بەمەرگ! ل 3

### پەیماننامەی دەوڵەتی سەربەخۆ، هەنگاوەکان، گفتوگۆیەکە لەگەڵ هاوڕێ محسین کەریم ل4

### دووڕوویی لە پەراوێزی مەرگی تاڵەبانیدا ل5

### هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەریەکان ل7

### لە یادی سەد ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا
### ژنان و شۆڕش، پێشڕەوی و پاشەکشەکانیان ل9 –10

لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە...

* دژ بەهەڕەشەکانی شەری حکومەتی عەبادی رادەوەستین........................ل2
* سێ جۆری چەپ لە ریفراندۆمدا.............................................ل3
*هەموو ئەو فیمینیستانە بۆ کوێ چوون؟...................................ل6
*گۆشەی لەگەڵ NRT.........................................................ل8
*کۆڵبەران لە نێوان مەراکیش و ئیسپانیا.......................................ل11

## وتەی ژمارە

لەم چەند رۆژەدا ئاستی چاوسورکردنەوەو هەرەشەکان چ لەلایەن وڵاتانی ناوچەکە و چ لەلایەن بەغداوە بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان روو لە هەڵکشانن، لەناو ئەو هەرەشاندا، حکومەتەکەی عەبادی دوای چەندین ساڵ خەبەری بۆتەوە و لەژێر ناوی دەست کورت کردنەوەی زێیدەرەوییە نایاسیایی و نادەستوریەکانی دەسەڵاتی هەرێم دەستی داوەتە هەرەشەو چاوسورکردنەوە و پەرلەمانە هیچەکەشیان، بەرق ئاسا کارئاسانی بۆ دەست ئاوەڵاکردنی عەبادی و حکومەتەکەی دەکات تا دەست بۆ ملهوریەکانی ببات. لە ئێستادا عەبادی و حکومەتەکەی!! بەکردەوە مانۆر و جموجۆڵی سەربازیان لە ناوچە کێشە لەسەرەکان و لەوانەش لە سنوری پارێزگای کەرکوک و دەستی پێکردووە.

هەنگاوەکانی عەبادی لەژێر ناوی رێگریکردن لە گەندەڵی و دزی دەستی بۆبراوە، وەکو ئەوەی ماوەی پەیماننامەی رێگەدان بە دزی و تاڵانی بۆ دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد لە ئێستادا بەسەر چوو بێت.

حکومەتەکانی بەر لە عەبادی و عەبادی... کە لەریزبەستنی دزی و گەندەڵیدا، لە ریزی هەرە پێشەوەیەی وڵاتەکانی دنیایەو بە پێی ئامارە راگەیانراوەکان دزی لەداهاتی عێراقدا، زیاتر لە ٧٠٠ ملیار دۆلارە... دزی و تاڵانی لەژێر دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتیشدا بەپێی راپۆرتە هەواڵە ناوخۆیی و جیهانیەکان سەدان ملیار دۆلارە، کەواتە کۆمەڵگەی عیراق و کوردستان کۆمەڵگەی دزیی بێ سنور و پاوانی دزە حیرفەیەکانی میلیشیایە. ئەمە جێگای گومان نییە.

ئەوەی روونە ئەوەیە، هەرەشەو چاوسورکردنەوە لەخەڵکی کوردستان پەیوەندی بە بەرامبەرکێی و دزی و گەندەڵی و پابەندبوون بە یاساو رێساو دەستور لە نێوان هەرێم و بەغداوە نییە.

تەنانەت هەرەشەکانی عەبادی پەیوەندی راستەوخۆی بە ریفراندۆم و ئاکامی ریفراندۆمیشەوە نییە، وەکو ئەوەی بەشێک لە نووسەرو خەڵکی ئازادیخواز فریوی ئەو فریوکاریەیان خواردووە، یان بەشێک لە نوسەری گەمژەو میدیای جلەوکراو و موچەخۆر بانگەشەی بۆ دەکەن و خەڵکی پێ چاوترسێن دەکەن و ئەم هەنگاوەی خەڵکی کوردستان بە بەڵی دەنگدان بە خەتا دەزانن.

ململانێی نێوان بەغداو و هەریم، تەمەنی بە ئەندازەی تەمەنی لەدەسەڵات کەوتنی بەعس و سازدانەوەی عیراقی دوای سەدام حسێنی جەلادەوە هەیە، لەلایەن حزب و لایەنە بۆرژوازیەکانی عیراق و کوردستانەوە لەسەر بنەمای فیدرالیزمی قەومی. کێشەی نەوت و غاز، مادی ١٤٠ و ناوچە کێشەلەسەرەکان، سنور، سەرژمیری، پێشمەرگە، بودجە، حەشدی شەعبی، تا دەگاتە کێشە پۆست... چەندی ساڵە هەن و هەرجارەی ململانێی لەسەر یەکێک یان چەند لەو دۆسیانە بوونەتە چوارچیوەی ململانێی هەولێر لەگەڵ بەغدا.

لەهەلومەرجی ئێستادا کە کۆتایی تێکشانی توانایی سەربازی داعشە، گرفتەکانی بەر لە هاتنی داعش لەساڵی ٢٠١٤ دا، هاتونەتەوە پێشەوە. دیارە ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەرکەوتنی دەنگی بەڵی لەو ریفراندۆمەدا بۆ سەربەخۆیی و پیکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ، تەکانێکی زیاتری داوە بە گرژییەکان و ململانێکانی نێوان هەولیر و بەغدا، بەڵام هەرگیز هەرەشەکان ململانێکانی ئیستا تازە نین و لەگەڵ ئەنجامدانی ریفراندۆمدا، نەهاتوونەتە ئارا.

مانۆری سەربازی و هیز کۆکردنەوە و جوڵاندن لەلایەن عەبادیەوە بۆ ئەوەیە کە دۆخی پێش ساڵی ٢٠١٥ بگێرێتەوە، چ بەوەی پاشەکشە بە هێزە چەکدارەکانی یەکێتی و پارتی بکات کە لەگەڵ هاتنی داعش و راکردنی سوپاکەی مالیکی دەستیان بەسەرداگرت، لەگەڵ ئەو چەند بیر نەوتەی کە بەهاتنی داعش کەوتنە ژیر دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد. عەبادی و حکومەتە پوچەکەی و حەشدە شیعییەکەی کە هەست بەسەرکەوتن دەکەن بە تیکشانی توانای سەربازی داعش، لەدریژەی غروری سەرکەوتنیاندا، هاوکات دەیانەوێت گوشار دروست بکەن و ریفراندۆم و ئاکامی ریفراندۆم بە زۆری هێزو هەرەشە و بۆ لاپەرە ٢

## درێژەی وتەی ژمارە...

تەنانەت دەستوەشاندنی سەربازیش لە هەندێک ناوچەی کێشە لەسەر و بەتایبەتیش سنوری پارێزگای کەرکوک، ناکام بکەنەوە پاشەکشە بە ناسیونالیزمی کورد بکەن بۆ دەست هەڵگرتن لە ئاکامی ریفراندۆم و دەست پێکردنەوەی گفتوگۆ و دانوستاندن... وە هاوکات دەیانەوێت لەو ڕێگایەوە خەڵکی کوردستان چاوترسێن بکەن و تۆڵەی دەنگدانیان بە بەڵێ لێبکەنەوە.

دیارە هەرەشەکانی عەبادی و حەشدی شیعی، جدین و لە پشتیوانی ڕاستەوخۆی ئێرانیش بەهرەمەندە. بۆیە پێویستە ئامادەکاری هەمەلایەنە بکرێت بۆ ڕوبەڕووبونەوەی هەرەشەکانی عەبادی و ڕێگەگرتن و تەنانەت تیکشکاندنی هەر هێرشێکی سەربازی چاوەڕوان کراو.

پێشمەرجی هەر هەنگاویک بۆ تیکشکاندنی ئەگەری هەر هیرش و پوچەڵ کردنەوەی هەر پلان و بیمایەکردنی هەر هەرەشەیەک، لەلایەن حکومەتی وعێراق و هەر لایەن و دەوڵەتێکی ترەوە پیداگرییە لەسەر ئاکامی ریفراندوم و سوربوونە لەسەر جیابوونەوەی کوردستان و پیکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ. ریفراندۆم و ئاکامی ریفراندۆم پێشرەیەکی گەورەو دەستکەوتێکی حاشاهەڵنەگری خەڵکی کوردستان و هێزبەخشە بۆ ڕاوەستاوی و بەرگری و وەستانەوە بەرووی هەر هەرەشەو پیلانێکدا. بیرکردنەوە لە هەڵپەساردن و پاشەکەوت و دوبارە گەرانەوە بۆ پیش ٢٥ دیسەمبەر ... نەک ڕێگری ناکات لە هەرەشەکانی عەبادی و حەشدە شیعیە وەحشیەکەی، بەڵکو دەستیان ئاوەڵا دەکات بۆ زێدەرۆیی زیاتر و پاشەکشەکردن بە ویست و داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان و تەنانەت حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیش دەخاتە گۆشەیەکی شکستخواردوی قەرەبوونەکراو.

ئەوانەی کە پاساو بۆ هەنگاوەکانی عەبادی دەهێنەوە و ریفراندۆم و گونجاو نەبوونی کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆم بە هۆکاری هەرەشەکانی عەبادی دەزانن، دنیا بینیان تەسک و بیرکردنەوەیان دۆگم و ئایندەبینیان کوێرە. عەبادی و حکومەتە نۆکەرەکەی بەهەر ئەندازە بەهێز ببن، بەهەر ئەندازە دەسەڵاتیان زۆرتر بێت، بە هەر ئاستێک دەسەڵات لەدەستی خۆیاندا قوتبی بکەنەوە، وە بە لەمەیداندا نەمانی داعش بەتەواوەتی، هیندەی تر دژایەتی خەڵکی کوردستان و هەر دەنگێکی ئازادیخوازی دەکەن لە سەرتاسەری عێراقدا. وە ئەو ریفراندۆمەی کە ٢٥ دیسەمبەر کرا، هەنگاوێکی نەک ناوەخت و زوو ڕەس نەبوو، بەڵکو دواش کەوتبوو. خودی ریفراندۆم بە جیا لە ئامانج و ڕەوایەتیەکەی، گوزێکی پێشگیرانە بوو بە دەسەڵاتی ناوەندی لە بەغدا و حکومەتەکە عەبادی، بۆ دواخستن و ناکامکردنەوە هیرش و پلانەکانی داهاتووی.

لەئێستاشدا کە عەبادی و حکومەتەکەی بەدەست لەپشدانی ئیرانی و بە وەجوڵەخستنی سوپا داوەشاوەکەی و حەشدە شیعیە وەحشیکەی، دەیەوێت کەشی ترس و تۆقاندن و فەزای جەنگی بەسەر سنورەکان و ناوچە کیشەلەسەرەکان و بەتایبەت سنوری کەرکوکدا، زاڵ بکات و ئەگەری ئەوەشی هەیە دەست ببات بۆ کردەی سەربازی و سەرۆیی چەکداری... پێویستە لە درێژەی دەستگرتن بە سەرکەوتنی ریفراندۆم و ئاکامەکانیداو هەنگاو نان بۆ جێ بەجێکردنی ئاکامەکانی ریفراندۆم، ئامادەکاری پێویستی رێکخراو چەکدارانە بکرێت، بۆ وەڵامدانەوە بەهەر هیرش و پلان و نەخشەیەکدا.

لەو نێوەدا دەستبردنی خودی خەڵکی کوردستان بۆ ڕێکخراوبوون و چەکداربوون لە دەستەو گروپی جۆارو جۆر لە هەموو گەرەک و ناوچەو شوێنەکانی شارو شارۆچکە سنوریەکان و شوێنە هەرەشە لەسەرەکان، کارێکی لەدواخستن هەڵنەگرتووە. تاقیکردنەوەی کۆبانی و ساڵی رابردووی کەرکوک باشترین گەواهی ئەو ڕاستیەیە، کە لاوان و خودی خەڵکی خۆیان بە ڕێکخراوبوون و چەکداربوونی خۆیان، دەتوانن هەر هەرەشە و پیلانێک تێک بشکێنن. ڕێک ساڵیک و چەند مانگ بەر لەئیستا، سەدان چەکداری داعش ویستیان دەست بەسەر شاری کەرکوکدا بگرن، ئەوەی کە ئەم پلانەی پوچەڵ کردەو داعشی تیکشاند، خودی هاتنە دەستی خێراو چەکدارانەی لاوان و تیکۆشەرانی ناو شاری کەرکوک بوو... کە بەرگریان لە ژیان و شارەکەیان و لە دانیشتوانەکەیان کرد.

دیارە هەر ئەو خەڵکە ڕێکخراو چەکدارەی بەرگری لە ژیان و گوزەران و ئارامی شارەکەیان دەکەن و ئامادەن بۆ تیکشکاندنی هەر هێرش و پیلانێکی سەربازی، پێویستە ئاواش ئامادەی وەڵامدانەوە بە هەر دنەدان و هاندانێکی قەومی و تایفی و دینی بن، لەلایەن حزبە ناسیونالیستە ناپەرپرسەکان و شۆفینیستە قەومی و دینیەکانی عێراق، دەکرێت. خەڵکی نیشتەجێی کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان، هیچ کیشە و دوژمنایەتیەکیان لەگەڵ یەکتری نییەو چارەنووسیان بەیەکەوە بەندە. پیویستە رابەران و هەڵسوراوانی و کەسانی دڵسۆزی دانیشتوانی شاری کەرکوک بێ گویدانە ناسنامەی قەومی و دینی و تایفی، دەست لەناو دەستی یەک بن بۆ وەڵامدانەوەی هەر هیرش و هەر هەوڵیک بۆ قڵشت دروستکرن و دنە دانی هەڵاواردنی قەومی و دینی و تایفی. وە پێویستە هێزی بەرگری چەکداری جەماوەری و ڕێکخراو لە دانیشتوانی کەرکوک و خەڵکی ناوچەکێشە لەسەرەکان، بێگویدانە ناسنامە قەومی و دینی و تایفیەکان، پێک بێت. دەبێ ژنان هاوشانی پیاوان، لەو نەبەردەدا بەشدار بن و تاقیکردنەوەی کۆبانێ بکەنە رەمزی ئازادیخوازی.

هێزی ڕێکخراو چەکدار و هاوپشتی یەکتری نەک هەر دەتوانی، پلان و نەخشە وهێرشی چەکداری تیکبشکێنی، هاوکات دەتوانێ پشتیوانی بەرەی پێشکەوتنخواز لە تەواوی عێراق و ناوچەکەو دنیاش بۆخۆی دەستەبەر بکات. هەروەها ئەو نەبەردە زۆر رۆڵی کاریگەری دەبێت، بۆ بەرەسمی ناسینی ئاکامی ریفراندۆم و هاوکات هەر ئەو لە مەیداندابوونەی جەماوەری و ڕێکخراوە چەکدارە دەتوانێت، دەستی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیش بگرێت، لەوەی کایە بە ئاکامی ریفراندۆم بکەن و بۆ مەبەستی تر بەدەستیەوە بگرن و یان لەبەرامبەر بەڵین و ئیمتیازاتی تردا، واز لە ئاکامەکانی ریفراندۆم بهێنن.

# دژ بە هەڕەشەکانی شەڕی حکومەتی عەبادی بۆسەر خەڵکی کوردستان ڕادەوەستین!

ئاشکرایە کە هەوڵەکانی ئێستای حکومەتی عەبادی بۆ هێرشکردنە سەر کەرکوک لەدرێژەی بڕیاری پێشوەختی حکومەت و پەرلەمانی عێراقە کە دژ رفراندوم و شکست پێهێنانی بڕیاری سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان داویانە و هەر لە سەرەتاوە خۆیان بۆ شەڕ دژی خەڵکی کوردستان ئامادەکردوە. ئەمە بەشێک لە ستراتیژی ئەم حکومەتی عەبادی بوە کە دوای شەڕی دژی داعش دەستبکات بە سەپاندنەوەی دەسەڵات بەسەر کوردستاندا و گێڕانەوەی کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان لەڕیگەی لەشکرکێشیەوە.

ئێمە وەک خەڵکی کوردستان هیچ ڕێگایەکی ترمان لەبەردەمدا نیە جگە لە بەرگری لە مافی سەربەخۆیی و بڕیاری رفراندومی ٢٥ سێپتەمبەر و ڕاکیشانی پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆبەرگرتن بەم شەڕەی حکومەتی عەبادی بڕیاری داوە و خۆی بۆ ئامادە کردوە.

ئەمڕۆ پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بزانێ کە ئێمە بەرگری لە بڕیاری سەربەخۆیی خۆمان دەکەین بەرامبەر بە حکومەتێکی مەزهەبی وشۆڤێنستە کە بەناوی یاسا و دەستورەوە شەڕ دژی ئەم مافی سەربەخۆییەی خەڵکی کوردستان بەرپادەکا. ئەم حکومەتە مەزهەبیە ١٤ ساڵە بەدرێژەدانی شەڕی مەزهەبی عێراقی وێرانکردوە و ئێستاش دەیەوێ شەڕی قەومیش دژ بە خەڵکی کوردستان هەڵگیرسێنێ. دەبێ ئەم هەڕەشەی شەڕەی ڕوو بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەینە بەڵگەیەک کە بزانن خەڵکی عێراق و کوردستان لەسایەی ئەم حکومەتەدا ئاسایش و پێکەوەژیان و ئازادی نابینن و بڕیاری خەڵکی کوردستان بۆ جیابونەوە لەم حکومەتە ڕەوا و ناچاریە.

کۆماری ئیسلامی ئێران وەک سیاسەت داڕێژ و بەڕێوەبەری مەیدانی ئەم حکومەتە شیعە مەزهەبیەی عێراقی دەوری گێڕاوە لە گەرمترکردنی شەڕی مەزهەبی و دروستکردنی میلیشیایی ئیرهابی، و ئێستاش فشارەکانی بە یارمەتیدانی حکومەتی عێراق بۆ بەستنی سنورەکانی کوردستان و سەرپەرشتی هێرشی حەشدی شەعبی بۆ سەر کەرکوک لەلایەن قاسم سلێمانی دەوری هێزێکی داگیرکەر بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان دەگێڕێ.

هەر پاشگەزبونەوەیەکی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لە ئەنجامی رفراندوم و بڕیاری سەربەخۆیی نەک بەرامبەر بە حکومەتی عێراق و ئێران خەڵکی کوردستان لەو سیاسەتە داگیرکاریانەی ئەم دوو حکومەتە ناپارێزێ بەڵکو هێرشی زیاتر و هەمەلایەنتر بۆ سەر خەڵکی کوردستان درێژەپێدەدەن تاکو ژێردەستە و ملکەچی دەسەڵاتی مەزهەبی و کۆنەپەرستانە و داگیرکەرانەیانی دەکەن. هەربۆیە نابێ ڕێگە بەو دەنگانە بدرێ کە بەناوی بەرگرتن بە بەرپابونی شەڕەوە دەیانەوێ خەڵکی کوردستان تەسلیم بەم حکومەتە دڕندە و مەزهەبیە بکەنەوە و ملکەچی جمهوری ئیسلامی بێ ، بەڵکو دەبێ خەڵکی کوردستان بۆ بەرگری دژ بەم حکومەتە شۆڤینیستیە مەزهەبیە ئامادەبکرێ.

پێویستە خەڵکی کوردستان بەهیزی ڕێکخراو و چەکداری خۆیەوە خۆی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی دوژمنکارانە بۆسەر خەڵکی کوردستان ئامادەبکات و پێویستە خەڵکی ئازادیخوازی بەغداو شارەکانی تری عێراق بۆ پشتیوانی لە مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان دەنگی نارەزایەتی دژ بە شەر بەرامبەر بە حکومەتەکەی عەبادی بەرزبکەنەوە و هاوکات لەدەرەوەی ولاتیش وەک ڕەوەندی کوردستانی بەهاتنە سەر شەقامەکان و مانگرتن و خۆپیشاندان لە دەرەوەی وڵات لە بەردەم سەفارەتەکانی عێراقدا فشاربخەینە سەر ئەم حکومەتە کە دەست لەم شەڕ فرۆشتنەی هەڵگرێ. هاوکات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتوەکان ناچاربکەین کە دژ بەم هێرشانەی حکومەتی عێراقی ڕاوەستن و هێزی پاراستنی ئاشتی بنێرن و دان بەماف و بڕیاری سەربەخۆیی خەڵکی کوردستاندا بنێن.

ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان بەردەوامە لە ڕاکێشانی پشتیوانی نێونەتەوەیی بۆ بڕیاری سەربەخۆیی و ڕاوەستانەوە دژی ئەم هەڕەشانەی حکومەتی عێراق و داوای بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بەسەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتوەکان دەکا بۆ چارەسەری کێشەی نێوان حکومەتی عێراق و کوردستان و جێبەجێکردنی بڕیاری سەربەخۆیی کوردستان و رفراندوم لە جێگاناکۆکەکاندا.

**ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان**

2017-12-13

## هاوڕێمان بن !

# سێ جۆری چەپ لەم ڕیفراندۆمەدا...

## نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە

ئامانجی مارکسیزم نەهێشتنی ستەمی ئینسان لەسەر ئینسانە، هەرجۆرە ستەمێکیش سەرچاوەکەی ناکۆکی چینایەتیە ئامانجیش لەو ستەمە بەهرەمەندبوونی بورژوازیە لەسەروەت وسامان لە ڕێگای کەڵەکەی سەرمایەو زێدەبەهاوە ( فائض قیمە) لە پرۆسەیەکی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا, ئەمەش بەهۆی پاراستنی خاوەندارێتی تایبەتیەوە دەبێ، بۆرژوازی بۆئەم ژێرخانە ئابوریەی پێویستی بە دەوڵەت وئایین وخێزانە. مەبەستی من لێرەدا نیشاندانی تێڕوانینی چەپ وکۆمۆنیزمی مارکسە بۆ نەمانی ستەمی ئینسان لەسەر ئینسان لە ڕوانگەی تێگەیشتنی خۆمەوە لە مارکسیزم. بورژوازی بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانی پێویستی بەچەندین ستەم هەیە لە سەر کۆمەڵگە، جگە لە چینی کرێکار ستەم دەخاتە سەر هەندێ چین و توێژی کۆمەڵایەتی تر بۆیە ئەرکی چینی کرێکار تەنها ڕزگارکردنی خۆی نابێت، بەڵکو ڕزگارکردنی تەواوی کۆمەڵگەیە جا هەرکەس وچین وتوێژێک لەگەڵ بەرنامەی مارکسدا بێتەوە بۆ رزگارکردنی هەر بەشێکی کۆمەڵگە جێگای پشتیوانی دەبێت.

چەند ستەمێک هەیە کە لەدەرەوەی کارگا وکارخانەکان و ئیدارەکاندا هەن وەک ستەم لەسەر ژن، لاوان، منداڵان، ستەم لەسەر ڕەنگی پێست، هاوڕەگەز، ژینگە، ستەم لەسەر زمان ومیللەت.. هتد. مارکسیزم زانستێکە بۆ ڕزگاری ئینسان لەسەرجەم ئەم ستەمانەو ستەمی چینایەتی.

ئەوانەی بە ناوی مارکسەوە لێدوان ئەدەن قسە ئەکەن بە ڕای من سێ جۆرن: یەکەم ئەو چەپانەن کە تەنها خەباتی چینیەتی واتە ڕزگارکردنی کرێکار یا پرۆلیتاریا بە پێویست دەزانن، ستەم لەسەر کۆمەڵگە وەک مەسەلەی میللی وژنان ولاوان وژینگە ورەنگی پێست دەسپێرن بە بورژوازی وبە ئەرکی خۆیانی نازانن. دووەم: بەشێک لە چەپ هەن وازیان لەخەباتی چینایەتی هێناوە رزگارکردنی پرۆلیتاریاو بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان دەسپێرن بەئایندەیەکی نادیار بۆیە ئەرکیان لەچوارچێوەی ریفۆرمەکان دەرناچێت وشۆڕشی سۆشیالیستی لە پراکتیکدا بە پێویست نازانن. سێیەم: ئەوبەشەیە لە چەپ کە زیاتر بە چەپی کرێکاری یا کۆمۆنیزمی کرێکاری دەناسرێت وەک درێژە پێدەری ڕێبازەکەی مارکس ولینینە ئەم بەشە بە پێچەوانەی هەردوو بەشەکەی پێشوو ئەرکی نەمانی هەموو جۆرە ستەمەکانە لەسەر ئینسان، بۆ ئەمەش ڕێگا وتاکتیکی خۆی دەبێت تا بەسەرەنجام گەیاندنی ئەرکە مێژوویەکەی خۆی کە ڕووخانی سەرمایەداری و بەدیهێنانی سۆشیالیزمە. هەردوو بەشی یەکەم ودووەمی چەپ کێشەکانی کۆمەڵگە ڕائەسپێرن بە سۆشیالیزم یا ڕائەسپێرن بە ڕیفۆرم، هەردووکیان هەڵەن لەڕووی مێژویی ومیتۆدی مارکسەوە، هەندێ کێشە هەن پەیوەندی بە کۆمەڵگەی بورژوازیەوە هەیە لەشۆڕشی گەورەی فەرەنسادا چارەسەرکران وەک نەمانی ستەمی میللی ویەکسانی ژن وپیاو وە وەکردنی دین بە ئەرکی تاک، بەڵام لەسەردەمی ئەمڕۆدا بورژوازی وازی لەم چارەسەرانە هێناوە پێویستی بە مانەوەیان هەیە بۆیە بووەتە ئەرکی چینی کرێکارو کۆمۆنیستەکان وئیمکانی چارەسەریان هەیە لە ناو کۆمەڵگەی بورژوازیدا وەک ڕێگاچارەی فەوری ودەستبەجێ کە دەکرێ بەشێک لە بورژوازییش لەم چارەسەردا بەشدار بێت، بەڵام بۆ ئامانجی خۆی .

بۆئەوەی ڕوون بێت نموونەیەک باس دەکەم کاتێک کەسێک بەهۆی کارەساتی ئۆتۆمبیلەوە تووشی خوێن بەربوون دەبێت تۆ دەتوانی چارەسەری بکەی بە بەستنی برینەکەی پێویست نەکا ببرێت بۆ نەخۆشخانەش، بەڵام بۆ ڕووداوە سەختەکان لەوانەیە چارەسەکەی تۆ ئەوەندە پێویست بێت تادەگاتە نەخۆشخانە. خۆ ناکرێ من بڵیم با نەچم بە هانای ئەو کەسەوە لە ئێستادا ئەوە ئەرکی من نیە ئەرکی دوکتورو نەخوشخانەیە یاخود بڵێم تەنها بە پێچانەوەو بەستنی برینەکەی چارەسەر دەبێت و پێویستی بە نەخۆشخانە نیە، لە هەموو حالەتەکاندا، بۆیە ئەم دووانە هەردووکیان دوورن لە لۆژیکەوە. ئەوەی لۆژیکە دەبێ چارەسەری سەرەتایی بکەی و ئەنجا ئەگەر برینەکەی سەخت بوو بیبەی بۆ دکتۆرو نەخۆشخانەش. بۆیە دەکرێ زۆر ئامانج بەدی بێت لەناودڵی کۆمەڵگای بورژوازیدا وەک دەوڵەتی سکیۆلارو نەمانی کێشەی میللی وستەمی ڕەگەزی و کێشەی هاورەگەزەکان و بەشێک لە کێشەی ژنان، چونکە لەرووی مێژوووە پەیوەستن بەم کۆمەڵگەیەوە، بەڵام هەندێ ئامانجیش هەیە مەحاڵە لەچوارچێوەی سیستەمی بۆرژوازیدا بەدیبێت وەک ئازادی و یەکسانی ئینسانەکان چونکە ئەم ئامانجە بەدی نایەت بەبێ ڕووخانی دەوڵەتی سەرمایەداری و نەمانی خاوەندارێتی تایبەتی وکاری کرێگرتە.

لێرەدا دەکرێ هەردوو جۆرەکەی چەپی ناکرێکاری ڕێگر بن لەبەردەم هەر ئاڵوگۆرێکدا کە بەسەر کۆمەڵگەدا دێت، بەشێکیان لەو کاتەدا دەبنە ڕێگر کە چارەسەرە سەرەتاییەکان دەکرێ بۆ گرفتە ئینسایەکانی کۆمەڵگە بەشێکی تریان لەو کاتەدا ڕێگر دەبن کە خەریکە ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی ڕوودەدا وەک شۆڕشی سۆشیالیستی. لە ڕووی پێگەی چینایەتیەوە هەردووکیان سەر بەتوێژی ناوەندن یان ووردە بۆرژوازین لەڕووی سیاسی وفکریەوە دەبنە پارێزەری ئەم توێژە کۆمەڵایەتیە، وەک مارکس دەڵێت لە بۆرژوازیش کۆنەپەرستترن چونکە دژی هەر گۆڕانکاریەکی مێژوویین. هەرکەس مێژووی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیای خویندبێتەوە ئەم دووجۆرە چەپەی بینیوە کە لە هەر ئاڵوگوڕێکدا بەشێکیان بوونەتە کۆسپ وڕێگر لەبەردەم خەباتی لینین وبەلشەفیەکاندا.

لەڕیفراندۆمەکەی کوردستاندا هەرسێ جۆری چەپ دەرکەوتن ئەوچەپەی کە چارەسەری کێشەی میللی بە ئەرکی خۆی نازانێت بە بیانوو وتەبریراتی شکست خواردوو تا توانی ڕێگری کردووە، وە بە کردەوە دیفاعی لە لەفیدراڵیزم ومانەوەی کێشەکان دەکات. وە جۆری دووەمی چەپیش پشتیوانی لە ریفراندۆمەکە کردووە بە هەمان ئەجێندای بۆرژوازیەوە، وە جۆری سێیەمیش پشتیوانی لە ڕیفراندۆمەکە کردووە بە ئەجێندای خۆیەوە بە دوور لەدەست تێکەڵکردن لەگەڵ بورژوازی وخۆ بەستنەوە بە ئاسۆوئامانجەکانیەوە. وە هەر ئێستایش کار دەکات بۆ ئەم ئاسۆ و ئامانجانەی خۆی کە بەکارهێنانی دەنگی بەڵێی خەڵکە بۆ سەربەخۆی نەک بۆ هیچ شتیکی تر بۆ ئەوەی کێشەی خەڵکی کوردستان چارەسەر بکرێت

# نامەیەکی (لینین) ڕۆژێک بەر لەشۆڕشی ئۆکتۆبەر

# بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی

## وەرگێرانی: سالار رەشید

هاورێیان!

من ئەم چەند دێرە لە پاشنیوەرۆی بیست و چوارەمین ئەنووسمەوە، هەلومەرجەکە لەرادەبەدەر قەیراناوییە. وەک رۆژ روناکە، کە ئێستا ئیتر بەراستی، دواکەوتن لەڕاپەرین یەکسانە بەمەرگ.

بە جورئەتێکی تەواوەوە، هاوڕێیان دڵنیا ئەکەم، کە ئێستا ئیتر هەموو شتێک بە تاڵە موویەکەوە بەندەو بابەتگەلێک لەدەستوری رۆژدایە، کە نە بە ڕاوێژکردن ئەکرێت وەڵامی پێ بدرێتەوە، نە بەکۆنگرەکان( تەنانەت ئەگەر کۆنگرەی شوراکانیش بێت)، بەڵکو وەڵامی ئەوانە لە عەهدو پەیمانی خەڵک، جەماوەر و خەباتی جەماوەری چەکداردایە.

گوشاری بۆرژوازی کۆرنیلۆفییەکان(١) و خستنەلاوەی ورخوسکی ئەوە دەردەخات کە، ناتوانێت لەچاوەروانیدا بێت. پێویستە بەهەر نرخێک بێت ئەمرۆ پاشنیوەرۆ یان شەو، لەدوای چەککردنی یونکەرەکان(٢) ( و لەحاڵەتی بەرگری، زاڵبون بەسەریاندا) و چەکدارانی دیکە، ئەندامانی دەوڵەت دەستگیر بکرێن.

ناکرێت لەچاوەروانیدا بیت! رەنگە هەموو شتێک لەدەست بچێت!

بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات، یەکسانە بە: بەرگری لە خەڵک (نەک لە کۆنگرە، بەڵکو لە خەڵک، لەسوپاو بەپلەی یەکەم لە جوتیاران) لە هەمبەر دەوڵەتی کۆرنیلفی، کە ورخوسکی دەکرد و دووەمین پیلانی ئامادەیە.

چ کەسێک ئەبێ دەسەڵات بەدەست بهێنێ؟

ئەم مەسەلەیە بۆئێستا گرنگ نییە، با کۆمیتەی شۆرشگێر جەنگ(٣) یان (دامەزراوەیەکی تر) دەسەڵات بەدەستبهێنێ و رایبگەیەنێت کە، دەسەڵات رادەستی نوێنەرانی راستەقینەی بەرژەوەندیەکانی خەڵک، بەرژەوەندیەکانی سوپا (پێشنیاری دەستبەجێی ئاشتی) بەرژەوەندیەکانی جوتیاران (ئەبێ یەکسەر دەست بەسەر زەوی و زارەکاندا بگیرێن و خاوەندارێتی تایبەتی هەڵوەشێنرێتەوە) و بەرژەوەندیەکانی برسیەکان، ئەکرێت.

ئەبێ سەرجەم بەشەکان، سەرجەم تیپەکان و سەرجەم هێزەکان، دەستبەجێ سازو ئامادەبن. بەپەلە نوێنەرانی خۆیان بۆ کۆمیتەی شۆرشگێری جەنگ و کۆمیتەی ناوەندی بەلشەفیەکان رەوانە بکەن، پێدابگرن و داوابکەن کە بەهیچ جۆرێک هەتا رۆژی بیست و پێنجی مانگ، دەسەڵات لەژێر دەستی کیرنسکی(٤) و هاوکارانی نەمێنێتەوە، بەهیچ جۆرێک، ئەم مەسەلەیە ئەبێ هەر ئەمرۆ پاشنیوەرۆ یان شەو هەنگاوی عەمەلی بۆ دابنرێت.

مێژوو، لەشۆرشگێرانێک کە ئەتوانن ئەمرۆ سەرکەوتن بەدەست بهێنن (و بەدڵنیاییەوە ئەمرۆ سەردەکەون) بەڵام ئەگەر کارەکەیان بۆ بەیانی هەڵگرت، ترسی ئەوە هەیە کە، زۆر شت لەدەست بدەن، ترسی ئەوە هەیە هەموو شتێک لەدەست بدەن، لەبەرامبەر دواخستنێک کە بەدروستیان زانیوە، خۆشنابێت.

ئێمە کە ئەمرۆ دەسەڵات بەدەست نەهێنین، نەک لەدژی شوراکان، بەڵکو بۆ شوراکانە.

گرتنە دەستی دەسەڵات کاری راپەرینە، ئامانجە سیاسیەکەی لەدوای گرتنەدەست دەسەڵات، دەرکەوێ.

چاوەرێکردنی راگیری ڕاراکان لە دانیشتنی ٢٥ ئۆکتۆبەر، یانی لەناوچوون بەهۆی فۆرمالیتەوە(٥). خەڵکی ئەو مافەیان هەیە و ئەرکی سەرشانیانە کەمەسەلەی لەم جۆرە نەک لەرێگەی راگیری بەڵکو لەڕێگەی زەبرو زۆرەوە چارەسەر بکەن. خەڵکی ئەو مافەیان هەیە و ئەرکی سەرشانیانە کە لەساتە وەختەکانی قەیرانی شۆرش، نوێنەرانی خۆیان و تەنانەت باشترین نوێنەرانی خۆیان ڕینوێنی بکەن و لەچاوەروانی ئەواندا، دانەنیشن.

مێژووی سەرجەم شۆڕشەکان ئەو راستیەیان سەلماندووە، کە هەرکاتێک کەسانی شۆڕشگێر بزانن کە رزگاربوونی شۆڕش، پێشنیاری ئاشتی، رزگاربوونی پێترۆگراد، ڕزگاربوون لە قات و قڕی و دانی زەوی بەجوتیاران- لەسەر ئەوان راوەستاوەو ساتێک لەکیس ئەدەن، ئەوا تاوانی ئەوکەسانە، تاوانێکی گەورەو لەڕادەبەدەرە.

دەوڵەت لەحاڵی لەرزین و لەرینەوەدایە. ئەبێ بەهەر نرخێک بووە، کاری بەکۆتا بگەیەنرێت!

دواکەوتن لە هەنگاونان، یەکسانە بەمەرگ.

مێژووی نووسین ٢٤ ئۆکتۆبەری(٦ نۆڤەمبەر) ١٩١٧

بۆیەکەمین جار، لەساڵی ١٩٢٤ چاپ کراوە.

دووبارە نووسینەوەی: رۆبێرت هاکوپیان، ئابان ١٣٨٣

تێبینییەکان:

*کۆرنیلۆف ل،گ.(١٨٧٠-١٩١٨): ژەنەرالێکی تزار(قەیسەر)یی، شاهەنشاهی بوو، لەدووساڵی ١٩١٧ و ١٩١٨دا، یەکێک بوو لە ڕابەرانی شۆڕشی چەواشە.(و.کوردی).

*یونگەر: لەروسیای تزاریدا، بەو قوتابخانانە ئەگوترا کە لە قوتابخانەی سەربازیدا بوون. لە ڕۆژگاری شۆرشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا، ئەم یونگەرانە بەرابەری پارتە بۆرژوا فیوداڵەکانی شۆڕشی چەواشە، لەشارەکانی مۆسکۆ و پیترۆگراد و هەندێک شاری دیکە، بەرگریەکی چەکدارانەیان لەدژی کرێکاران و سەربازان، ئەوانەی دەسەڵاتی شوراییان دامەزراندبوو، بەڕیوەبرد.(و، کوردی)

*کۆمیتەی شۆڕسگێری جەنگ" بە شورای پێترۆگرادەوە وابەستە بوو، لەمێژووی ١٢( ٢٥)ئۆکتۆبەری ١٩١٧، بەفەرمانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی بۆلشەویک، دامەزرا.

*کیرنسکی ئی، ف.(لەساڵی ١٨٨١ لەدایک بووە): سەرۆکی حکومەتی کاتی بۆرژوازی بوو لەماوەی نێوان مانگی تەموز(یۆنیو) تا تشرینی یەکەم(ئۆکتۆبەری ١٩١٧. کاتێک کەشۆرشی سۆشیالیستی لە ٢٥ ئۆکتۆبری ١٩١٧ روخاند، کینسکی هەوکی ئەوەیدا کەلەدژی شۆرش و دەسەڵاتی شورایی کردەوەگەلێک ڕیکبخات.(و.کوردی)

*شتی رواڵەتی، شکلی، رۆتینی، تەشریفاتی.(و.کوردی).

سەرچاوە:

**(نامەی لنین بە اعضای کمیتە مرکزی)**

# گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێ محسین کەریم ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان سەبارەت بە پەیماننامەی کوردستانی سەربەخۆ و هەنگاوەکان بۆ جێبەجێکردنی

**بۆپێشەوە: پەیماننامە (میثاق) ی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ بۆ؟**

**موحسین کەریم:** دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم و بڕیاری خەڵکی کوردستان بۆ جیابونەوە، کوردستانی عێراق پێی ناوەتە قۆناغێکی سیاسی تازەوە. دەورەی ئاینده دەبێت دەورەی راگەیاندن و دروستکردنی دەوڵەت بێت. خەڵکی کوردستان دەنگی داوە بە جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ. گەڕانەوە بۆ پێش ٢٥/٩/٢٠١٧ مومکین نیە، نە بۆ خەڵکی کوردستان و نە بۆ هێزە سیاسیە بۆرژواییە دەسەڵاتدارەکانیش.

بۆ دەسەڵاتدارانی بۆرژوایی کوردو هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، گەڕانەوە بۆپێش ریفراندۆم و هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری خەڵکی کوردستان، مانای لەدەستدانی زۆر دەسکەوتی سیاسی سەربازیە کە لەدوای ساڵی ٢٠١٤ ەوە بەدەستیان هێناوە. بگرە بەوەوە ناوەستێ و پێگەی سیاسیان لە هاوکێشەی سیاسی و دەسەڵاتی عێراقدا دەباتەوە بۆ پێش ساڵی ٢٠٠٣. راگەیاندنەکانی مالکی سەبارەت بە گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم بۆ هێڵی سەوز (واتە ئەو ناوچانەی کە پیش روخانی سەدام لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا بوون) ئەوە بەروونی نیشان دەدات.

بۆ خەڵکی کوردستانیش مانایەکی دیکەی هەیە. لەلایەکەوە ناتوانن مل بە ژیان لەگەڵ دەسەڵاتێکی نەتەوەپەرستی- ئیسلامی بدەن کە لەعێراقدا دەسەڵاتدارە. لەماوەی پرۆسەی ریفراندۆمیشدا دەرکەوت کە ئەم دەسەڵاتەی ئێستا نوێنەری فاشیزمی ئیسلامی و میراتگری شۆڤێنیزمی عەرەبیەو ئامادە نیە مافی هاوڵاتی یەکسان بۆ خەڵکی کوردستان بەرەسمی بناسێت. نیشانی دا ئەوانیش بۆ پاراستنی "یەکپارچەیی خاکی عێراق" وەکو رژێمە پێشوەکانی بۆرژوازی عەرەب پەلاماری خەڵکی کوردستان بدەن و کەڵبەی خوێناویان نیشان بدەن.

بەڵام بەجیا لەم لایەنەی مەسەلەکە، واتە پەیوەندی سیاسی و ئیداری و پێکەوە مانەوەی نێوان کوردستان و عێراق، لەروانگەی هێزەکانی بۆرژوازی کوردو خەڵکی کوردستانیشەوە، مەسەلەیەکی دیکە سێبەر دەکێشێ بەسەر هەلومەرجی سیاسی کوردستان کە ئەویش پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵاتدارانی هەرێم و حزبە دەسەڵاتدارەکانە. خەڵکی کوردستان نایانەوێ دەسەڵات و دەوڵەتی داهاتووی کوردستان کۆپیەکی دوبارەی هەمان دەسەڵاتی حزبە چەکدارەکان بێت و هەمان یاساو بەرنامەی سیاسی و ئابوری باڵادەست و فەرمانڕەوابێت. گومان لەوەدا نیە کە هەموو هەوڵێکی حزبە بۆرژواییە دەسەڵاتدارەکان ئەوە دەبێ کە شەرعیەت بدەن بەم دەسەڵات و یاساو رێسایانەی ئێستا لەئارادان لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی بەرەسمی ناسراو لەئاستی عێراق جیهاندا. بەڵام بۆ

خەڵکی کوردستان، مەسەلەکە جۆرێکی دیکەیە. خەڵک رەخنەی لە هەلومەرجی سیاسی ئێستا هەیە. رەخنەی لە یاساو رێسا ئابوریەکان هەیە. رەخنەیان لە نایەکسانی و ستەم و زوڵمێکی سیاسی و ئابوری هەیە کە ئەم دەسەڵاتە بەسەریاندا سەپاندویانە. خەڵک خوازیاری ژیانێکی شکۆمەند و ئازادی و خۆشگوزەرانیە، کە لەلایەن ئەم دەسەڵاتەوە پایەماڵ کراوە. خەڵک رەخنەی لە نەبوونی خزمەتگوزارییە گشتیەکان هەیە. رەخنەی لە تالانکردنی داهاتی کوردستان هەیە لەلایەن کۆمەڵێک مافیای خاوەن دەسەلات و سامانەوە هەیە. بۆیە لەروانگەی خەڵکەوە، ناکرێ دەوڵەتی داهاتوو هەمان دەسەڵاتی ئێستای یەکێتی وپارتی و باقی حزبەکانی بۆرژوازی ئێستا بێت و دەبێ ئاڵوگۆڕ روبدات بەئاقاری بەرژەوەندی ئەواندا. ئەم میساقەی حزبی ئێمە بڵاوی کردۆتەوە هەوڵێکە بەو ئاراستەیەداو دەیەوێ سیمای دەوڵەتی داهاتوی کوردستان لەروانگەی ئەو بەرژەوەندی و پێداویستیە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکەوە دەست نیشان بکات. دەیەوێ ئاسۆیەک بخاتە بەردەم خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و نارازی کوردستان و چوارچێوەیەکی روون بۆ خەبات و خواست و چاوەڕوانیەکانیان پێشنیار بکات.

**بۆپێشەوە: راستە خەڵک خوازیاری دەوڵەتی هاوڵاتی و مۆدێرنە و نایانەوێت دەوڵەتی داهاتوی کوردستان کۆپی دەسەڵاتی بەغدا بێت، بەڵام لەنێون ریفراندۆم وجیابونەوەی بەکردەوەو فەرمی کوردستاندا ماوەیەکی زۆر هەیە کە لەوانەیە زیاد لەدووساڵێک بخایەنێت. ئێوە بۆچی بەدیلی سۆسیالیستی و وەسیقەی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی ناخەنەروو؟ ئایا لەبەرنامەتاندا نییە تا ئەو ماوەیە بەکاری خۆتان هاوسەنگی هێزبگۆڕن و کۆمەڵگە بۆ دامەزراننى کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی ئامادە بکەن؟**

**موحسین کەریم:** بەبڕوای ئێمە دەبێ هەنگاوەکانی ئێستا بەدواوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت بێت و نابێ ئەوە بسپێردرێ بە پرۆسەیەکی نادیار وەکو ئەوەی کە هەندێ جار مەسعود بارزانی یان سەرانی دیکەی حزبە بۆرژواییەکانی کوردستان باسی دەکەن. گومان لەوەدا نیە بەپێی هەلومەرجێک کە کوردستان پێیدا تێدەپەڕێ، راستەوخۆ توانای ئەوە نیە سەربەخۆیی رابگەیەنرێ، دەنا دەبوایە دوای دەنگدانی خەڵک بۆ سەربەخۆیی لەماوەی چەند رۆژێکدا سەربەخۆیی رابگەیەنرایە. کوردستانی عێراق بە کۆمەڵێک دەوڵەتی بۆرژوایی کۆنەپەرست و فاشیست و شۆڤێنیست دەورەدراوە کە خۆشیان گیرۆدەی مەسەلەی کوردن لە ولاتەکانیاندا، بێجگە لە دەوڵەتی عێراق کە دەسەڵاتێکی ئیسلامی فاشیستی بەتامی شۆڤێنیزمی مەزنخوازی عەرەبی فەرمانڕەوایە، ئەمانە هەمویان هەڕەشەی گەمارۆی ئابوری و خنکاندنی خەڵکی کوردستان و بگرە دەستێوەردانی سەربازی دەکەن. هەڵوێستی شەرمەزارانەی نەتەوە یەکگرتوەکان و دەوڵەتانی رۆژئاواش دژی ئەم مافە سەرەتاییەی خەڵکی کوردستان لەولاوە بوەستێ. ئەمانەو بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی لەئێستادا لەرووی هەژمونی سیاسیەوە ئەو هێزو توانا پێویستەی نیە تا هاوکێشە سیاسیەکان ژێرەوژوور بکات. بۆیە بۆگۆڕینی ئەم فەزایەو بۆ پێشگرتنیش بەوەی کە مەسەلەی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەناو پرۆسەیەکی پڕ لە توندوتیژی و خوێنرشتن بڕواتە پێشەوە، پێویست بەوەدەکات پرۆسەیەکی گفتوگۆکردن و ئامادەسازی سیاسی و جەماوەری بەڕێوەبچێت و ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەم مەبەستە دەست نیشان بکرێ، کە ئێمە پێمانوایە لە نێوان ٦ مانگ بۆ لانی زۆر ساڵێک دەبێ ئەم پرۆسەیە تەواوببێت.

لەم ماوەیەدا بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی کوردستان دەبێ هەوڵی ئەوە بدات مۆری خۆی بدات لەم روداوە سیاسیە گرنگەی کوردستان. ئەو بەدیلە سیاسیەی حزبی ئێمە بۆئەوەیە ئەم ئامادەسازیە بکات و هاوسەنگی هێزی سیاسی- چینایەتی کۆمەڵگەی کوردستان بەو ئاقارەدا بگۆڕێت. بێگومان ئێمە حزبێکی سۆشیالیستین و بۆ کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی خەبات دەکەین. بەدیلی ئێمە لەبەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازیدا حکومەتی کرێکاری و دەسەڵاتی سیاسی چینی کرێکارە. لە بەرنامەی حزب و لە بڵاوکراوە سیاسیەکانماندا ئەوەمان راگەیاندوە. کاری بەردەوامیشمان ئەوەیە کە چۆن ئەو بەدیلە پیادەو جێبەجێ بکرێت و چۆن رێگریەکانی بەردەم ئەمانجە هەڵبگرین. مەسەلەی بەجێگەیاندنی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لابردنی یەکێک لە رێگریە فکری و سیاسیەکانی بەردەم چینی کرێکاری کوردستانە.

حزبی ئێمە ئامانجە سیاسیەکانی بەسەر دوو قۆناغدا دابەش ناکات کە دیوارێکی چینی لەنیوانیاندا کێشرابێت. ئێمە یەک قۆناغی خەباتی چینایەتی–سیاسی بەرەسمی دەناسین کە قۆناغی ئامادەسازیە بۆ شۆرشی کرێکاری و سۆشیالیستی. کاری ئێمە لە بنەڕەتدا رێکخستنی شۆرشی سۆشیالیستیەو ئامادەکردنی چینی کرێکارو رێکخستنی سۆشیالیستی ئەوانە، بەڵام وەکو وتم دەبێ رێگریەکان لەبەردەم چین و بزوتنەوەکەماندا کە بۆرژوازی بۆی دروست کردوین لابەرین. ئەنجامدانی ئەم کارەو تەرحی بەدیلی سیاسی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ هەنگاوێکە بۆ تەختکردنی رێگای گەیشتنمان بە شۆڕش و نزیککردنەوەی شۆرشی کرێکاری. سەرکەوتنی حزب لەم ئەرکەیدا مانای بڕینی هەنگاوێکی گرنگە بە ئاقاری نزیک بوونەوە لە شۆرشی سۆشیالسیتی. خەبات بۆ سۆشیالیزم لەناو کۆمەڵێک ئەڵقەو گرێ وگۆڵەو هەورازو نشێودا تێدەپەڕێ کە حزبی کۆمۆنیستی دەبێ بەرنامەو رێگای تێپەڕاندنیانی هەبێ.

ئەگەر سەرنجی ناوەرۆکی ئەم بەڵگەنامەیەی ئێمە بدەن، دەیەوێ رێگایەکی جیاواز لە دەسەڵات و یاساو فەرمانڕەوایی بۆرژوازی تائێستا بخاتە بەردەم کۆمەڵگای کوردستان. ئەم بەڵگەنامەیەی حزب لە بنەڕەتدا پشتی بەستوە بە هێنانە مەیدانی جەماوەری خەڵک دەورو بەشداری سیاسی ئەوان لە سەرجەم کاروباری سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا. پێمانوایە بەو رادەیەی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگە نەخش و رۆڵیان لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە زیاتر بێت بەو رادەیە زەمینە سیاسی و فکریەکانی رێکخستنی سۆشیالیستی چینی کرێکار فەراهەم تر دەبێت و بنەما مادیەکانی شۆرشی کرێکاری فەراهەمتر دەبن.

**بۆپێشەوە: هەنگاوی بەکردەوە یان پرۆژەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کورستان بە جی بەجێکردنی میساقی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان چییە؟ و ئەو هەنگاوانەی دەبێ بنرێن کامانەن؟**

**موحسین کەریم:** لە هەموو کارێکی سیاسیدا مەسەلەی بنەڕەتی ئەوەیە کە چۆن جەماوەری لەدەور کۆدەکەیتەوەو رێکی دەخەیت، چۆن پەیامە سیاسیەکانی خۆت دەکەیت کە بڕواو بۆچوونی خەڵک و دوای ئەوەش بەپراتیکی سیاسی- جەماوەری ئەوان. چونکە سەرەنجام سیاسەت و پلاتفۆرمی ئەحزاب دەبێ ببێتە بۆچوونی سیاسی و پراتیکی سیاسی ئەوان تا بتوانێ لە دنیای واقیعدا جێبەجێ ببێت. لانی کەم ئەم پرەنسیپە بۆ ئەحزابی کۆمۆنیستی و کرێکاری بەوجۆرەیە. لەم روەوە پێموایە کە دەبێ یەکەم؛ کەمپینێکی فراوانی سیاسی لەئاستی کوردستاندا بەڕێبخرێ بۆ ناساندنی ئەم میساقەو کۆکردنەوەی پشتیوانی سیاسی و جەماوەری بۆی. گرنگە هەڵسوڕاوانی کرێکاری و کۆمۆنیست و چەپ، کەسایەتی و تێکۆشەرانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز لە ژنان و پیاوان، لایەنگرانی دەنگ و بڕیار و ماف و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان بە پلەی سەرەکی و گروپ و رێکخراوە جەماوەری و سیاسیەکان، ئەو حزبانەی کە بەرگری لە مەسەلەی سەربەخۆیی دەکەن...

بۆ لاپەرە ١١

# دوو ڕوویی، لە پەراوێزی مەرگی تاڵەبانیدا...لە نێوان دوو و سێی ئۆکتۆبەردا

## نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

تا دووی ئۆکتۆبەرو ڕۆژێک بەر لە مردنی تاڵەبانی... زوربەی حزبە سیاسیەکان، بەتایبەت حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان و زوربەی هەرەزۆری کەسایەتییە سیاسی و نوسەرو ئەدیب و هونەرمەندو چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی... هۆکاری برسێتی و گرانی و بێموچەیی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و بێکاری و تاڵانی و دزی و گەندەڵی و بیمافی و سەرکوت و نۆکەرایەتی بۆ وڵاتانی ناوچەکەو، گێرانەوەی کۆمەڵگە بەرەو دواوە، پاوانی دەسەڵات لەلایەن بنەماڵە و پێشیلکاری کاری ڕۆژنامەگەری ئازاد و مامەڵەی سەرکوتگەرانە لەگەڵ بزوتنەوە و نارەزایەتیە کریکاریی و جەماوەریەکان و تەواوی موسیبەت و کوێرەوەریەکانی کۆمەڵگەی کوردستانیان، دەخستە ئەستۆی پارتی و یەکێتی. پارتی وەکو بەرپرسی زۆنی زەردو یەکێتیش وەکو بەرپرسی زۆنی سەوز... سێی مانگ کە هەواڵی مەرگی تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی نیشتیمانی بڵاودەبێتەوە... مێژووی دوو مانگ لەگەڵ سێی مانگ، لینگەوقوچ دەبێتەوە... ئەو تاڵەبانیەی سکرتێری یەکێتی بووە، دەکرێتە فریشتەیەکی ناوازە و کاریزمایەکی ئازادیخواز و پێشکەوتنخواز و ئیسنادۆست و بەرابەریخواز و ئاشتیخواز و مافی مرۆڤ پەروەر و ڕەمزی پشتیوانی لە ژنان و لاوان و کلیلی ئەممان و تەبایی نێوان حزبەکان و پشیوان لە خەڵکی وڵاتانی ناوچەکەو ڕەمزی ئاشتی و تەبایی...

تاڵەبانی ٣ ئەم مانگە، مرد. بەڵام لە کۆتایی ٢٠١٢ وە تاڵەبانی بەهۆی نەخۆشیەوە لە گۆرەپان و کایەی سیاسیدا، بەکردەوە مردبوو، وە توانای هیچ جموجۆڵێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی. نەمابوو. مامەڵەی نەشیاو ناتەندروستی یەکیتی لەگەڵ نەخۆشکەوتنی مام جەلالیش هەر جێگای نەفرەت و تەنانەت جێگای سەرزەنشت بوو... سەرکردایەتی یەکێتی تا ماوەیەکی زۆریش وەکو خوی خوپێوەگرتوو بە درۆوە، هەر ڕۆژە قاوانێکی درۆزنانەیان لیدەدا و دەیانووت مام باشە، مام بەو زوانە دەگەڕیتەوە، مام دەتوانێت قسە بکات، تەنانەت دکتۆر نەجمەدین کەریم، کە مەئموریەتی درۆهەڵرشتنی پێ سپێردرابوو زوو زوو رای دەگەیاند کە قسەی لەگەڵ مام کردووە... لەوەش واوەتر و ناشیرینتر، دانانی تاڵەبانی بوو لە ریکەوتنی نێوان یەکێتی و حزبی گۆراندا، لە کاتێکدا تاڵەبانی توانای هیچ بەشداریەکی نەبوو، بەڵکو زۆرتر نمایشێکی فریوکارانە بوو... هەموو ئەمانە هیندەی تر تورەیی بەرەیەکی فراوانی بەدژی یەکێتی و سەرکردایەتیەکەی جوڵاندبوو.

٣ مانگ مام جەلال دەمرێت...دیارە مردنی تاڵەبانی، وەکو سکرتیری یەکێتی و بەوینەی رابەر و کەسایەتیەکی سیاسی بزوتنەوەی کوردایەتی، کاریگەری گەورە لەسەر ئایندەی یەکێتی و بزوتنەوەی کوردایەتی دروست دەکات. وە چ رابەرایەتی یەکێتی و کاراکتەرەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و چ ریزەکانی یەکێتی و هەموو ئەوانەی ئومێدی خۆیان بە یەکێتی و تاڵەبانیەوە گرێدابوو،

مردنی تاڵەبانی شۆکێکی گەورەیە بۆیان و مافی خۆیانە چۆن ریز لەو سەرکردەیەی خۆیان دەگرن و چ مێژووسازیەک لە تاڵەبانی، دروست دەکەن، یان بە چ شیوازیک دڵی خۆیان دەدەنەوە...و چۆن دەیانەوێت مردنی تاڵەبانی بکەنە دەرفەتێک بۆ تەماحەکانی داهاتوویان. دیارە بۆ سەرۆک و بەرپرسی دەوڵەتە ملهورەکانی ناوچەکەش مردنی تاڵەبانی، یانی لەدەستدانی دۆستێکی بەئەمەکیان، کە هەمیشە تاڵەبانی لە خزمەتیاندا بووەو ملی لەئاست داخوازییەکنیان لە تاڵە موویەک باریکتر بووە، بۆیە نیگەرانی ئەوان لە مردنی تاڵەبانی چاوەروانکراوە... دیارە مردنی هەرکەسێک و لەهەر ئاست و پلەو پایەکدا بێت، جێگای نیگەرانییە بۆ خێزان و کەسوکارو هاوڕی و دۆستان و ئەوانەی لەگەڵ بوون و ناسیویانە... هەر بەوهۆیەشەوە، منیش نیگەرانی ئەو نیگەرانیانەم کە بەهۆی گیان لەدەستدان یان مردنی کەسێکەوە روودەدات...

ئەوەی لەم نێودا جیگای سەرنج و رامانە... ئەو دوو ڕوویەیە کە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن و رابەرانیان و ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە سیاسی و نوسەر و هونەرمەند و ڕۆشنفکر و... گرتویانەیە بەر. خەریکن فرمێسک هەڵدەرێژن، ستایشنامە دەنووسن، بێکۆتا پیاهەڵدان دەکەن، راستیەکان دەشێوێنن، درۆ دەبەخشنەوە، تۆمار دروست دەکەن، مێژووی روداوەکان دەگۆڕن، مێژووسازی ساختە سازدەکەن، هەڵبەست و هۆنراوەی دڵ هەژین دەچنن، پەخشانە شیعر دەهۆنەوە و تابلۆی قارەمانێتی، لە تاڵەبانی دەکێشن. دەچن سەردانی ئەرشیفی وێنەو و نامەکانیان دەکەن... نامە و وێنەکانیان لەگەڵ تاڵەبانی.. دەکەنە پێشەکی پەیام و ستایش و پرسەنامەکانیان و هاوخەمی نیشان دەدەن و هەموو ئەمانەش لەسەر سایت و ڕۆژنامەکان و تۆرە کۆمەڵایەتیەکان دوبارە بڵاوی دەکەنەوە... وە پێشبرکێ دەکەن بۆ دانانی تاجە گوڵینە لەسەر گڵکۆکەی تاڵەبانی... چ دنیایەکی سەیرە!

ئەگەر خەڵکی ئاسایی و سادە، خود بەخود سۆز بۆ دوای مردنی کەسی نزیک و ناسیاویان وەکو نەریتیک نیشان دەدەن، جێگای سەرزەنشت نییە، ئەوەی کە جێگای نەفرەتە بەرخورد و مامەڵەی خێڵێکی بەرینی نان بەنرخی ڕۆژ خۆرە... بەتایبەتیش بەشێکی بەرینی نوسەران و ڕۆشنفکران و سەرانی حزبەکان، و کەسایەتیە سیاسیەکان، بەتایبەتیش حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان!!... ئەم خێڵە، تا دووی ئەم مانگە و ڕۆژێک بەر لەهەواڵی مەرگی تاڵەبانی... دەسەڵات و بە تایبەتیش دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیان، بە دەسەڵاتی تاوانکار و تاڵانچی و سەرکوتگەر و دژی دیموکراسی و بنەماڵەیی و نۆکەروخۆشخزمەت و دژی ئازادی دەناساند، هۆکاری برسێتی و گرانی و بێ موچەیی و بێ خزمەتگوزاریی و بیکاری و راکردنی لاوان لەم دۆزەخەو کوشتاری ژنان و پێشیلکاری ڕۆژنامەگەری و تیرۆری ڕۆژنامەنووسان و سیاسی نەیارو... بۆ دەسەڵاتی حزبەکانی کوردستان و پارتی و یەکێتی دەزانی... یەکێتی نیشتیمانی و تاڵەبانی سکرتێری ئەم حزبە بەشێکی دەسەڵاتە لەسەراسەری هەرێم و خاوەنی زۆنی سەوزە... کەچی لە ٣ مانگ کە هەواڵی مەرگی تاڵەبانی دێت، پشت دەکەنە دەربرین و تورەیەکانی پێشوویان و دەرگای مێژووی بەر لە ٣ مانگ، دادەخەن و لە ستایشی درۆدا، ستایشی مام و کارنامەی تاڵەبانی دەکەن و هەوڵ دەدەن مێژووی تاڵەبانی و حزبەکە بکەنە مێژووی لێوان لێو لە ئازادیخوازی و پێشکەوتنخوازی و عەدالەتخوازی و بەرابەریخوازی و مرۆڤدۆستی و خەم خۆری خەڵکی کوردستان و ناوچەکەو مامۆستای تەبایی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە وخزمەتی دۆزی خەڵکی کوردستان و ئەستیرەی درەوشاوەی ناو شەوەزەنگی تارێکی... چ ریسوایی و دوو ڕوویەکە. چ ناحەقیەکە بەیانی دەکەن. چ ماشێنێکی درۆزنانەیە دەی چەرخێنن... ئەم خێڵە زاکیرەیان لاواز نییە... ئەمانە ریسواترین بەشی کۆمەڵگەو بی مۆراڵیان سنور نەناسە... ئەمانە دەزانن...

لە ژێر سایەی یەکێتی نیشتیمانی و سکرتیر بوونی تاڵەبانیدا...

لەناوخۆی ریزەکانی یەکێتیدا خاوەنانی بیرورای جیاواز... دەست بەسەرو زیندانی و راوەدوونراون... بە تەور گیان لە ئینسان سەندراوەتەوە، ئەمە گەواهیدەری ئازادی بیرورای ناوخۆییە لە ژێر سایەی تاڵەبانیدا.

لەگەڵ گەرانەوەی تاڵەبانی و یەکێتی بەدوای خرۆشانی جەماوەری ساڵی ١٩٩١ و یەکەم هەنگاوی یەکێتی و یەکەم پەیامی تاڵەبانی فتوا دان بوو بۆ داخستنی شوراکان، کەلەشارو شارۆچکەکانی کوردستاندا بەدەستپێشخەری چەپ و کۆمۆنیستەکان پیکهاتبوون بە دەیان هەزار ئینسان لەدەوریان کۆببونەوە... ئەمە گەواهیدەری ئازادیخوازی تاڵەبانییە!!

لە ژێر سایەی یەکێتی و مامدا، زوربەی هەرەزۆری بزوتنەوەو نارەزایەتیە جەماوەریەکان، بەزۆری چەک وەڵام دراونەتەوەو هێشتا پەڵەی خوێنی قوربانیانی ١٧ شوبات و ڕۆژانی دوایی بە شەقامی نارەزایەتیەکانەوە، ماون. ئەمەش گەواهی دەری مامەڵەی یەکتییە بۆ خەڵکێک کە دوای نان و ئاو کارەباو عەدالەتیان کردووە.

حزبە سیاسیە نەیارەکانیان بەدروشمی "تۆڵە بەسەبرە ئەمما بەزەبرە" لەگۆرەپانەکە تەسفیە دەکرد... قارەمانەکانی مافی مرۆڤ!! لەگەڵ دیلدا دەجەنگان و پاشان کوشتاریان دەکردن. قرناقاو پشت ئاشان... شاهیدن. بازگەی کۆیە قەتڵ و عامی حەمەی حەلاق و هاوڕیکانی، شاهیدن. گردی عەلی ناجی و کوشتاری کۆمۆنیستەکان شاهیدن. ئەمانەش شاهیدی بانگەشەی چەپکە گوڵەکەن!!

تیرۆری سەدان کادرو ئەندام لایەنگری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و تورکی و بەدەستی باندە ئینسان کوژەکانی ئاخوند و میتی تورکی و دۆستی یەکێتی و تاڵەبانی شاهیدن... شاهیدی پشتوانی یەکێتی و تاڵەبانین لە خەڵکی پارچەکانی تری کوردستان!!

جەنگی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، کە بەهەزاران ئینسان تیادا بوونە قوربانی و چارەنووسی نادیاری هەزاران ئینسانی ئەم جەنگە نەگریسە ونە، کە تائیستا کەس و کاریان چاوەروانیانن شاهیدن... تەنانەت شوێنی گۆرەکانیشیان نازانن. شاهیدی تەبایی و ئاشتی یەکریزی خوازی تاڵەبانی و یەکێتین!!.

دووئیدارەی و دووزونی و دەستبەسەراگرتنی هەموو سەرچاوەکانی داهات و دەسەڵاتداریتی لە زونی سەوزدا، و مانەوەی دیگەڵە وەکو دیواری بەرلینی ئەڵمانیای پێشوو.... گەواهیدەری ئازادی سیاسی و کاریزمای تاڵەبانین بۆ نەهێشتنی ناکۆکیەکان و سڕینەوەی سنورەکان!!

قەسابی کردنی هەزاران ژن لە ژێر ناوی ناموس و شەرەفدا، شاهیدن... شاهیدی پشتیوانی یەکیتی و تاڵەبانین لە مافەکانی ژنان !!

بە دادگا نەکیشانی و نەپرسینەوە لە دزو تاڵانچییە ئاشکراکان لە زونی یەکێتی و لە بەرپرسانی حزبی و حکومی یەکێتی، شاهیدی دادوەربوونی تاڵەبانییە!!

گوێزانەوەی زوربەی دەسەڵاتەکان و قورغکردنی لەلایەن بنەماڵەی تاڵەبانیەوە، گەواهیدەری رۆڵی دژایەتی تاڵەبانین بۆ دەسەڵاتی بنەماڵەیی و قۆرغکاری!!

وێڵ بوونی بەردەوامی لاوان بۆ دەست راگەیشتن بە ژیان و بەناچار جیهێشتنی کوردستان و رووکردنە ئەوروپاو ئەمریکاو ئوستالیاو خۆ خستنە بە زەبری دەیان مەترسی سنور و بەڵای شەپۆلە ئینسان نەناسەکان و گیان لەدەستدانیان، شاهیدی پشتیوانی تاڵەبانی و یەکێتییە بۆ لاوان!!

پیش لەشکری بۆ وڵاتانی ناوچەکەو گریان و تاجەگوڵینە دانان لەسەر گۆری جەلادی ئیران خومەینی و بەدۆست نیشاندانی تۆرکۆت ئۆزال و بە ئەندازیاری ناساندنی سەدام حسین... شاهیدی پشتیوانی تاڵەبانی و یەکێتییە لەگەڵ خەڵکی ئیران و تورکیاو عێراق!!

پشتیوانیکردنی یەکێتی و تاڵەبانی لە دروستکردنەوەی دەوڵەتی عروبی ناسیونال-ئیسلامی عیراق، چونە پشت فیدرالیزمی قەومی... شاهیدی

بۆ لاپەرە ١١

# ئەو هەموو فێمینیستانە بۆ کوێ چوون؟

نووسینی: فیلێز چێسلەر/ Phyllis Chesler
وەرگێرانی: شوان عەزیز

**٢ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧**

**تێبینی:ئەو بابەتە بەشێکە لە نووسینێک کە لەژێر ناوی :**

**"لەدژی ئەو بەناو فێمینیستانەی کە مافەکانی ژنانی موسڵمان و جولەکە ڕەت دەکەنەوە" دا بوو. کە لە ١٢سێپتەمبەری ٢٠١٧ دا بڵاوکراوەتەوەو بووە نووسینێکی پەسند کە وەک ژنێکی داکۆکیکەر لە مافەکانی ژنان خەڵاتی پێ بدرێت. فیلێز لەم وێنەیەدا لە گەڵ عەیان هیرسی عەلی دایە کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا گیراوە..**

من هەم وەک چالاکوانێک و هەروەها وەک ئەکادیمیەک لەساڵی ١٩٦٧ دا هاتمە ناو مەیدانی فێمینیستیەوە. تێڕوانینی بنەڕەتیمان بۆ فێمینیستی ڕادیکالانەو گۆڕانکاری بوو. ئێمە باوەڕمان بە مافەکانی مرۆڤ هەبوو. ئێمە پێشبینی فرەیی و فرە کەلتوریمان دەکرد و لەهەمان کاتیشدا خۆشمان کەسانی ڕیلەتیڤیستی فرە کەلتوور نەبووین. (ڕیلەتیڤیست کەسێکە کە باوەڕی وایە کە ئەخلاق، مەعریفە، باش و خراپ، ڕاست، دەقی مێژوویی ...هتد هەمووی شتی ڕەها نین و پەیوەندی دارن بە کەلتوورو دین و شوێنەوە ).وەرگێڕ.

ئێمە هەر کاتێک کە دژە ژنیمان بینیبێت هاوارمان کردووە بێ بواردنی بابای تەعداکەری جنسی لە ژنان، یا ئەوەی کە لە ژنی خۆی دەدا، یان ئەوەی کە لاقەی منداڵان دەکات، لەبەرئەوەی هەژارە (کە قوربانیەکەش عادەتەن هەر هەژار بووە) یان لە ڕەنگ و ڕەگەزێکی تر بووە (کە عادەتەن قوربانیەکەش لە هەمان گرووپ بووە)، یان بە منداڵی ئەزیەت دراوە خراپ مامەڵەی لەگەڵدا کراوە (هەروەها قوربانیەکانیش دەگوونجێت هەرهەمان مێژووی پەروەردەکردنیان هەبێت).

منیش هەروەک فێمینیستە ڕادیکاڵەکانی تری ئەمەریکا، چالاک بووم لە بواری مافە مەدەنیەکان و جوڵانەوەی دژی شەڕدا. وەکو فێمینیستەکانی تر نەبووم، من هیچ نەبێت جارێک ژیاوم لە ئەفغانستان داو لە ماڵێکدا بووم کە فرەژنی تێدا بوو. ڕستەی کردنەوەی کتێبەکەم بریتیبوو لە بووکێکی ئەمەریکی لە کابوڵ دا . لە ماڵێکدا بووم کە بێ ئەوەی بەخۆم بزانم یاسای فرەژنی تێدا پەیڕەو دەکرا. کە ئەوەش بەو مانایە دەهات کە من نەم دەتوانی بێ پیاو لەماڵ بچمە دەر. جێگەی سەرسوڕمان بوو کە خەزوورم سێ ژن و ٢١ منداڵی هەبوو. ئەوەی ڕاستی بێت ئەو هەموو ماوەیەی کە من و مێردەکەم، کە کەسێک بوو دەستووری ڕۆژئاوایی فێر ببوو، وە پەیوەندی خۆشەویستیمان بە یەکەوە هەبوو لای من ئەوەی باس نەکردبوو. کاتێک کە من تەمەنم بیست ساڵان بوو، ژنی ئەفغانیم دەبینی کە دەڕۆیشتن هەڵدەنگووتن و دەکەوتن بە هۆی چارشێوەکانیانەوە، وە لە ژووری دابڕاو و داخراودا ژیانیان دەبردە سەر. وەک تەنێک کە خرابنە عەلاگەی ڕەشەوە لەپێش چاومان دەردەکەوتن. ئەو ژنانە کە هەر لەشێوەی شەوەدا (شەولەبان) دەردەکەوتن ناچار دەکران کە لە هەرە دواوەی پاسەکاندا دابنیشن. ئەم دیاردەیە زۆر پێش بزووتنەوەی تاڵیبانیش هەبوو. ئەو دیمەنەم دێتەوە بیر تەنانەت ئەو کاتەی کە من ڕەخنەم لە ئەمەریکا دەگرت لەسەر چەوسانەوەی لەدژی ژنان، لەسەر ڕەگەزپەرستی لە ئەمەریکادا، وە هەروەها ڕەخنەشم دەگرت لە ئەمەریکا لەسەر ئەوەی کە چارەیان بە هاوڕەگەزبازی نەدەهات و بیری پاوانخوازیشیان هەبوو.

لە مابەینی ١٩٦٧ بۆ ١٩٧٥ دا تێکەڵاوی ڕێکخراوی نیشتیمانی ژنان بووم. لەو ماوەیەدا چووم بۆ کۆبوونەوەکان، تێکەڵاوی گرووپی کۆمپانیای بەرپرسیارێتی بووم، هەروەها بەشی ئاکشنی داوای قەزایی، نووسینگەی لێکۆڵنەوەی ژنانم دامەزراند لە زانکۆی شاری نیویۆرک، بەشدار بووم لە دامەزراندنی کۆمەڵەی سایکۆلۆجی بۆ ژنان و تۆڕی تەندروستی نیشتیمانی ژنان. لە ساڵی ١٩٧٠ دا وتەیەکی ئاگرینم پێشکەش کرد لە کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆمەڵەی سایکۆلۆجیەکانی ئەمەریکا لە شاری فلۆریدا. لەو وتەیەمدا داوام کرد کە هەموو ئەو ژنانە قەرەبوو بکرێنەوە کە بە هەڵە نەخۆشیەکانیان دیاری کراوەو بەوهۆیەشەوە دەرمانی هۆشبەریان دەرخواد دراوە، و خراونەتە خەستەخانەکانەوە لەلایەن پزیشکانی دەروونی و تایبەتیەوە. لە ئەنجامی ئەو داوایەم دا دوو هەزار کەسێک بەمن پێکەنی هەرچەندە بە ترسەوەش بوو. هەندێکیان تاوانباریان کردم بەوەی کە من ئێرەیی بە زەکەری پیاو دەبەم. لە گەڕانەوەم دا بۆ شاری نیویۆرک، لە ناو فڕۆکەکەدا دەستم بە نووسینی کتێبی ژنان و شێتی کرد. وتەکەم لەو کۆبوونەوەیەدا بووە سەردێری بابەتەکان لە جیهاندا. بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبی ژنان و شێتی لە هەموولاوە ئۆفەر باران کرام . لە دواییدا لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢ دا کتێبەکەم پێداچوونەوەی بۆکرا لە لایەن ئەدریانە ڕیچ وە، و بووە باشترین کتێب و هەروەها بووە کتێبێک کە دەبێتە هۆی هێنانی قۆناغێکی گەورە.

لەسەرەتای ١٩٧٠ وە تا کۆتاییەکەی من وتەی فێمینیستیانەم پێشکەشکردن لە وڵاتی ئیسرائیل و دەستم کرد بە کار لەگەڵ فێمینیستە ئیسرائیلیەکان، و هەروەها نوێنەری باڵی چەپ و ڕۆژنامەنووسی فێمینیستی ئیسرائیل بووم. وە هەروەها چەندین ئیمزام کۆکردەوە بۆ دژایەتی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان وەک بڕیارێکی ڕەگەزپەرستی زایۆنی. بەشداربووم لە ڕێکخستنی پرێس کۆنفرانس و بەستنی کۆنفرانسی گرنگی تر دەربارەی فێمینیستی و باوەڕی دژە سامی و هەروەها دەربارەی ژنان و جولەکایەتی. لە ناو ئاپارتمانەکەی خۆمدا لە شاری مانهاتان جەژنی پاسۆڤەر بەڕێوەبرا، و بەشداریش بووم لە خوڵقاندنی ژیانی فێمینیستی لە ناو جوولەکەدا.

هەروەها من کاریشم کردووە لەگەڵ خەڵکی بەناوبانگ و هونەرمەندانی وڵاتانی وەک ئیسرائیل، میصر، کوێت، ئێران و لوبنان و... هتد لەو نێوەشدا زیاد لە سێ کتێبی فێمینیستیم بڵاو کردۆتەوە. لە ساڵی ١٩٨١ دا پانێلێکم بەست لە کاتی کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەی نیشتیمانی ژنان لەشاری ستۆڕ و کۆب دا دەربارەی دژایەتی سامی و فێمینیستی. بۆ جاری دووەم ئەڤیڤا کانتۆر چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کردم دەربارەی لیلیث لەسەر هەمان بابەتی فێمینیستی. هەرچەندە من جولەکەیەکی پرۆفێشناڵ نیم لە ئایینەکەم، بەڵام واز لە پێناسی جوولەکایەتی و ڕزگاربوونمان و خەمەکانی ئەو بوارە ناهێنم بۆ پیشەیەکی تر.

لە ١٩٨١ وە بۆ ساڵی ٢٠٠٢ بە بەردەوامی لێکۆڵینەوەم کردو و شەش کتێبی فێمینیستیم بڵاوکردەوە. هەروەها کامپینێکم وەڕێ خست لە جیاتی ئەو دایکانەی کە مافی وەخۆگرتن و چاودێریکردنی مناڵەکانیان لێ سەنرابۆوە، وە لە جیاتی ئەو دایکانەی کە فشاریان خرابووە سەر تا مناڵەکانیان تەسلیم بکەن، بە دەر لە ئارەزووی خۆیان. داکۆکیم لە مافەکانی ژن کردووە کە بۆیان هەیە داکۆکی لە خۆیان بکەن. داکۆکیم لە مافە ئاینیەکانی ژنانی جولەکە کردووە لە شاری ئۆرشەلیم. بەڵێ ڕاستە کە من نوێژم کرد لە ئێزراتث نەشیل لە ساڵی ١٩٨٨ وبەشداریشم کرد لە دروستکردنی کۆمیتەی نێونەتەویی بۆ ژنانی دیوارەکە. وە لە دوای چارەکە سەدەیەک لە هەوڵ و خەباتی بێ وچان تێکەڵ بووم بە ڕێکخراوە ئەسڵیەکەی ژنانی دیوارەکە.

## بوغزاندنی جولەکە شتێکی تازە نیە لە نێو فێمینیستاکاندا

دەتوانم پێت بڵێم کە بوغزاندن و ڕق و کینە لە ڕەگەزی سامی و جولەکە شتێکی تازە نیە لە نێو فێمینیستەکاندا. ٠ سەرەتا لە ساڵی ١٩٧٠ دا بوو کە تووشی ئەم دیاردەیە بووم لە نێو چینی هاو ڕەگەزبازەکان و ڕادیکاڵە فێمینیستەکاندا. بۆیە هەر ئەوسا یەکسەر ڕووبەڕوویان بووینەوەو دژایەتیمان کردن لەگەڵ هەردووک هاوڕێم ڤیڤا کانتۆر و شێری مۆچ دا.

بە هەرحاڵ ئەوەی کە من دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم، ئەوەیە کە بەناو فێمینیستی لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا بەرەو هەڵکشان هاتووە. لە دوای مۆدێرنەتی و کۆڵۆنیالیستی ئەو بەناو فێمینیستانە زۆر بە تامەزرۆوە ئیدانەی ئایینی مەسیحی و جولەکە دەکەن، وەک دوو ئایینی ترسناک بۆ مافەکانی ژنان، بەڵام ئەوەندە بوێر نین کە ڕەخنەی ئایینی لە دینی ئیسلام بگرن وەک ئایینێک کە بەتەمای فراوانخوازی و باڵادەستیەتی بەسەر جیهاندا. وە بێن هەمان ڕەخنەش لە ئیسلامیش بگرن کە مامەڵەی چۆنە لەگەڵ ژناندا. بەیەک گەیشتنی بەناوفێمینیستەکان کە تەنها ئیدانەی ئیمپڕیالیستی ڕۆژئاوایی دەکەن و نایانەوێت دان بنێن بە ساڵانی دوورو و درێژی ئیپڕیالیستی ئیسلامی، کۆڵۆنیالیستی ئیسلامی، کۆیلایەتی ئیسلامی، دژایەتی ڕەش و ڕەگەزپەرستی ئیسلامی و هەڵاواردنی ئایینی و ڕەگەزی ئیسلامی. ئەو بەناو فێمینیستانە زیاتر خەمی وەک دەگوترێت فەلەستینی داگیرکراویانە. بەڵام خەمیان نیە بۆ داگیرکرانی جەستەی ژنان، بۆداگیرکرانی رووخساری ژنان، بۆداگیرکرانی بیرو و هۆشی ژنان، بۆ خەتەنەکردنی ژنان، بۆ پۆشینی چارشێو جببەی ژنان. هەروەها خەمیان نیشان نەداوە بۆ هەڕەشەی کوشتنی ژنان و کوشتنیان ل لەسەر نامووس، هەر لە نێو ئەو ناوچە و شوێنەی کە پێی دەگوترێت فەلەستین و بۆتە خەمی یەکەمی ئەوانە. گروپەکانی لێکۆڵینەوەی ژنان و ڕێکخراوە فێمینیستەکان وایان لێ هاتووە کە لە ڕووی ئیسلامیەوە پەسند بن!

گرووپی لێکۆڵینەوەی ژنان، ڕێکخراوەکانی فێمینیستی نیشتیمانی هەروەها زۆر لە جولەکە فێمینیستەکان نەک هەر لە ڕووی سیاسیەوە پەسندن، بەڵکو لە چاوی ئیسلامیشەوە هەروا پەسندن. زوربەی خەمی ئێستای ئەوانە بریتیە لە بە پیرۆزڕاگرتنی ئایین و داپۆشینی ڕوخسار. خەمی ئێستایان لەسەر خەتەنەیژنان وبە زەبری زۆر ڕوخسار داپۆشین و توندو تیژی لەسەر نامووس نیە. هەروەها گوێ نادەنە فرە ژنی و مناڵ بەشوودان و کوشتنی ژنان لەسەر نامووس لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا. ئەو بەناو فێمینیستانە نەک هەر خیانەتیان لە جولەکە کردووە لە ژێر ناوی دژایەتی ڕەگەزپەرستیدا، بەڵکو ئەوانە ژنانی عەشائیرو کۆچبەریان لە موسڵمان و سیخ و هیندۆسی بەجێ هێشتووە، بۆ وەحشی گەرێتی و یاسای دژە ژنی. لەسەروی هەموو ئەوانەوەشەوە گوێیان نەداوە بە کەسانی ئازاو جەربەزە کە وازیان لە ئیسلام هێناوە، یا موسڵمانن یا سیخ بوون یا فێمینیستی بەناوبانگی هیندوسی بوون، لە وڵاتانی تازە گەشەسەندو و هەروەها لە وڵاتانی ڕۆژئاواش دا. ئەوەش بەراستی تراژیدیە کە دەبینی ئەو هەموو فێمینیستە ڕۆژئاواییانە تەسلیم بوون. کە دەیان بینی هیچیتر بیرمەندی سەربەخۆ نەماوون. ئەو بەناو کۆمۆنیستانە وا قەناعەتیان پێکراوە کە ئیسلام ڕەگەزە نەوەکو ئادیۆلۆجی یاخوود ئایین بێت. هەروەها دەڵێن کە مێژووی ئەمەریکا لە بەکۆیلەکردنی ڕەشپێستەکانی ئەفەریقا، و ڕژێمی جوداخوازی باشووری ئەفەریقا هەمان کاری دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیلە لەدژی فەلەستینیەکان، بە ئەوانەشەوە کە تیرۆریستن و دەستیان سوورە بە خوێنی جولەکەو ڕقیان لە ڕەگەزی سامیە..فێمینیستە پرۆفێشناڵەکانی ڕۆژئاوا هەوڵی ئەوە نادەن کە ژنان ڕزگار بکەن لەژێر دەستی کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا.

ئەمڕۆ فێمینیستە پرۆفێشناڵەکانی ڕۆژئاوا، پرۆفیسۆرەکانی زانکۆ لەبەشی لێکۆڵینەوەی ژنان دا، ڕۆژنامەنووسان ،چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ ناتوان قوربانیانی دەستدرێژی سێکسی ڕزگار بکەن نەک هەرلە کۆمەڵگە ئیسلامیەکان دا ناتوانن بەڵکو لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا. ئەوەتە ئێستا لە ڕۆژئاواشدا ناتوانن بە هانایانەوە بچن. هۆیە سەرەکیەکە ئەوەیە کە دەترسن پێیان بگوترێت: ئێوە لە ئیسلام دەترسن ( ئیسلامۆفۆبیک). یان پێیان بگوترێت کە ڕەگەزپەرست و کۆڵۆنیالیستن...

ڕەنگە ئێمە لە تواناماندا نەبێت بە شەخسی و بە ڕاستەوخۆیی بچین کچەکانی ژێر دەستی داعش و بۆکۆ حەڕام ڕزگار بکەین، بەڵام خۆ ئەمەریکیە فێمینیستەکان دەتوانن هاوکاری پارە بۆ ئەو کەس و لایەنانە بکەن کە هەڵدەستن بەوکارە. وە لەلایەکی تریشەوە خۆ ئێمە دەتوانین کاری وەحشیگەری وەک سەربڕین و بەردەبارانکردن و لە خاچدان و بە کۆمەڵ دەست درێژی سێکسی و وێرانکردنی داب و نەریتی مرۆڤدۆستانەی ئێمەش وەک خۆی و بە ناوە ڕاستەکەی خۆیەوە ناوی بێنین.

ئێمە دەتوانین هاوکاری کچ و ژنان لێرە لە ڕۆژئاوادا بکەیین کە ڕۆژانە لێیان دەدرێت و هەڕەشەی کوشتنیان لێ دەکرێت لەبەرئەوەی نایانەوێت لەچک بکەنە سەریان، یا نایانەوێت شوو بە ئامۆزای نزیکیان بکەن. ئێمە دەبێت ڕێ بکەین کە لە تەنیشتی ئێمە و لە ناو ئێمەدا و بە بەرچاومانەوە ئەوە بکرێت. ئێمە دەبێت پەناگەو شوێن بۆ ئەو ژنانە دروست بکەین کە ترسی کوشتنیان لەسەرە لەلایەن خزم و کەس و کاریانەوە، وە سزای تاوانباران و ئەوانەش کە هاوکارن بدەیین. و نەیان بوێرین بە هیچ پاساوێکەوە.. ڕوونی بکەینەوە بۆ خەڵکی ڕۆژئاوایی کە کوشتنی ژنان لەسەر نامووس چیەو چی دەگەێنێت لای ئەوان. دەبێت ئێمە بگەینە ئەو قەناعەتەی کە دیفاعکردن لە ژنان ببێتە کرۆکی کارمان و وەک بەهایەکی ڕۆژئاوایی لێی بڕوانین.



سەرچاوە: http://www.meforum.org/6951/ againsr-faux-feminism

# هەواڵی نارەزایەتیە کرێکاری و جەماوەرییەکان!

ئامادەکردنی: شوان عەزیز و ئاراس ڕەشید

## کرێکارانی مۆندیالی قەتەر کۆیلەن و گۆڕ بینا دەکەن!

ڕۆژنامەی ئیندپێندەنتی بەریتانی ئاگاداریدا لە هەلومەرجی نالەباری کرێکارانی بیانی لە قەتەر بۆ بیناسازیەکانی مۆندیالی ٢٠٢٢. سەردێری ڕۆژنامەکە لەسەر پێشێلکاریەکان بوو کە " کرێکارانی بیانی لە قەتەر کرێکار نین، بەڵکو کۆیلەن، گۆڕ بینا دەکەن، نەوەک یاریگا". بەپێی ئەم سەرچاوەیە، ئەو کرێکارانەی لە ووڵاتە هەژارەکان دەیان هێنن، توشی هەڵخەڵەتاندن دەبن، بەجۆرێک لە سەرەتا بەڵێنی مووچەی ٤٠٠$ یان پێدەدەن، بەڵام نزیک ٢٠٠$ ی ئەمەریکی وەردەگرن لە مانگێکداکاتی دەستپێکردنیان بەکار. ڕۆژنامەکە ئەوەشی زیاد کرد، کە کرێکاران ناچار دەکرێن کە ڕسوماتی ماڵی بدەن کە دەگاتە ٢٠٠٠$، سەرەڕای خەرجی گەشتی فڕۆکەکەیان بۆ دەوحە. لە کاتی گەیشتنیان پاسپۆرتەکانیان بارمتەدەکرێت، بۆ ئەوەی نەتوانن کارەکە بەجێبێڵن. بەم شێوەیە کاتێک کرێکارێکی سادە لە ناو یاریگایەکدا دەستبەکار دەبێت، ئەوا پارەی ٢ ساڵی مووچەی ئەو کارەی کە دەیکات داویەتی!! بەپێی ڕۆژنامەکە کرێکارەکان ناچار دەکرێن کە ڕۆژانە ١٢ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا کاربکەن، لە ژێر پلەی بەرزی گەرمادا. دوایی لە شوێنێکدا دەخەون کە مەرجەکانی شوێنی نووستنی تێدا نیە. هەروەها دەڵێ تەنیا ئەوانە خۆشبەختن کە مووچەکانیان لە کاتی خۆیدا پێدەدرێت. هەندێکیان چەندان مانگ چاوەڕێدەکەن تاوەکو مووچەکانیان وەردەگرن.

## کرێکارانی فەلەستینی خۆپیشاندان دەکەن بۆ بەرزکردنەوەی لانی کەمی کرێ

دەیان کرێکاری فەلەستینی ڕۆژی ٣ شەممە ٣/١٠/٢٠١٧ لەبەردەم بارەگای حکومەتی فەلەستینی لە ڕامەڵا خۆپیشاندانیان کرد بۆ بەرزکردنەوەی لانی کەمی کرێ، خاوەن کارەکانیان ناچارکرد بە جێبەجێکردنی لانی کەم تا ئەو کاتەی کرێ بەرزدەکەنەوە.

لانی کەمی کرێی مانگانە لە فەلەستین دەگاتە ١٤٥٠ شیقلا ( ٤١٥ $ ی ئەمەریکی). لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٣ دا دەستکرا بەجێبەجێکردنی، بەڵام داتاکانی دەزگای ئاماری فەلەستینی ئاماژە بەوە دەکات کە ١٠٠هەزار کرێکاری ژن و پیاو هەن لە کەرتە جیاجیاکاندا کە مانگانەی زۆر لەوە کەمتر وەردەگرن. خۆپیشاندەران کە ژنانی کرێکاریش هەبوو لە ناویاندا، داوای ئەوەیان کردوە کە لانی کەمی کرێ لەگەڵ هێڵی هەژاری نیشتمانیدا بێت، بەپێی دەزگای ئامار خێزانێکی ٥کەسی ( ٣منداڵ و دایک وباوک) ئەگەر داهاتی مانگانەیان کەمتر بێت لە ٢٤٨٠ شقیلا (٧١٠$) بە خێزانێکی هەژار دەژمێردرێت.

بەپێی قسەی خۆپیشاندەران، هەزاران کرێکاری کشتوکاڵی و کەرتی دایانگا و ئۆفیسەکان لە ژن و پیاو مانگانەکەیان لە نیوەی لانی کەمی کرێ تێپەڕناکات.

وە گوتیشیان" کە هاوپەیمانیەک هەیە لە نێوان حکومەت و خاوەن سەرمایەکان، ئەوەش وا دەکات کە لانی کەمی کرێ بەرزنەکرێتەوە. بەڵام لەولاشەوە خاوەن سەرمایەکان قازانجەکانیان زیاد دەکات لەسەر پشتی کرێکاران"هەروەها" کەمتەرخەمی هەیە لە پشکنین چاودێری لە لایەن وەزارەتی کارەوە کە پێویستە بیان کات"

زوربەی کاتەکان کەرتە ئابووریە نا فەرمیەکان و ئەوانەی لە باجدان تۆمارنەکراون، پەیوەست نابن بەلانی کەمی کرێ. ئەم جۆرە دەزگایانە کە لەسەر شێوەی خێزانی کاردەکەن، یاسایەکی مالیان نیە کە لەسەربرۆن بۆ بەرزکردنەوەی لانی کەمی کرێ.

وەزیری کاری فەلەستینی (مەئمون ئەبو شەهلا)، مانگی مارسی ڕابردوو بڕیارێکی دەرکرد، بە پابەندبوونی خاوەن کارەکان بە جێبەجێکردنی لانی کەمی کرێ، وە داوای لە سەرجەم دام و دەزگا ئابووریەکان کرد بۆیەکلاکردنەوەی هەلومەرجی خۆیان کە ماوەکەی لە ٢مانگ تێپەرنەکات لە دەرچوونی بڕیارەکە. بەڵام هەلومەرجەکە گۆڕانکاری بەسەردانەهاتوە بەپێی بەشداربوانی خۆپیشاندانەکە. خۆپیشاندەران شیعاری ( بەستنەوەی نێوان لانی کەمی کرێ بە زیادکردنی بەرهەم هێنانیان لە کار) بەرزکردبۆوە.

## تێکۆشان لە دژی دەسەڵاتی باڵای سپی پێست سەرکوتگەری پۆلیس بەردەوامە

تەقیە تۆمسن . جەنگاوەرێکی ڕێبازی ئازادیە .لە شاری نیویۆرک

تەقیە، خوێنکاری زانکۆی ناوەندی کارۆلینایەو

ئەندامی حیزبی جیهانی کرێ .کارانیشە

ئەو کچە خوێندکارە، ئەو کەسە بوو کە لە مانگی ئابدا سەرکەوتە سەر پەیکەری هاوپەیمانی لە شاری دورهام و بە ئامانجی داگرتنی بوو. ئێستا ئەو جەنگاوەرە نیازی ١٤-١٠- هاتنی هەیە بۆ شاری نیویۆرک لە ٢٠١٧ دا .

وە لەو ڕۆژەدا نیازی هەیە کە قسە بکات دەربارەی ڕووداوی داگرتنی ئەو پەیکەرەو هەروەها قسە کردنیش لەسەر دەسەڵاتی باڵای سپیپێست و قسە کردن لەسەر دەسەڵاتی سەرکوتگەری پۆلیس لە ئەمەریکادا. هاتنی تەقیە بۆ شاری نیویۆرک بۆ ئەوەشە کە پاڵپشتی خۆی ڕابگەێنێت بۆ هەموو ئەوانەی دا لە لایەن پۆلیسەوە ٨-١٤ کە لە ڕووداوی .گیراون

مەسەلەی هێنانە خوارەوی ئەو پەیکەرە هەر ٨-١٤- دوو ڕۆژ دوای ئەوە هاتە کایەوە کە لە دا ڕەگەز پەرستە سپیپێستەکان ٢٠١٧ هێرشیان کردە سەر چالاکوانەکانی دژی .ڕەگەزپەرستی لە شاری چارلۆتزڤیڵس

شایەنی باسە کە تەقیە تۆمسن هەر دوای ئەو چالایە لە پۆلیسەوە گیرا لە گەڵ سێزدە کەسی تریش کە هەر هەموویان بە تاوانبار لە قەڵەم دران

## شانشینی یەکگرتوو نارەزایەتی لێدرووست دەبێت لەسەر بڕیاری دەرچوونی لە .ئەورووپا

تاک فرۆشەکانی بەریتانیا پێویستیان بە کرێکارانی ئەوروپا هەیەو لەو بارەوە ناڕازین



کە نازانن سبەینێی کارەکانیان بەرەو کوێ دەچێت؟

لە دوای دەرچوونی بەریتانیا لە یەکیەتی ئەوروپا، تاک فرۆشەکانی ئەو وڵاتە پێویستیان .دەبێت بە کرێکارانی ئەوروپا

کۆمەڵەی گرووپی پیشەسازیەکان ڕایانگەیاند کە ئەگەر بەریتانیا لە دوای دەرچوونی لە یەکیەتی ئەوروپا ڕێگای هێنانی کرێکاری ئەورووپای نەبێت، ئەوە لەوانەیە نرخی کەل و پەل بەرەو بەرزبوونەوە بڕوات و گواستنەوەی کەل و پەلیش بۆ ماڵان (دیلیڤەری) بەرەو ..هێواشی بڕوات

بە پێی بۆچوونی گرووپی تاکفرۆشانی بەریتانیا، هاووڵاتیانی ئەوروپا لە ٪٦ ەێزیە هەزار کاری نێو بەریتانیا پێک ١٧٠ کار لە دەهێنن. ئەو شوێنانەی کە ئەوان کاری تێدا دەکەن و پڕیان کردۆتەوە، زیاتر شوێنی دابەش کردن و کۆگاکانن. لەوبارەوە تاکفرۆشانی بەریتانیا دەڵێن کە کرێکارە ئەورووپیەکانیان خەمی ئەوەیانە کە مافی مانەوەیان لە بەریتانیادا نەمێنێت. لەو بارەشەوە سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا ترێسە مەی ووتی " ئێمە دەتوانین بیسەلمێنین کە ئەوانەی لە گەڵ چوونەدەرەوەدا نەبوون هەڵەبوون. " لەو نێوەشدا پیشەسازی خۆراک هۆشداری دا کە لە کاتی دەرچوونی بەریتانیا لە ئەورووپا هێزی کار ڕووی لە کەمی دەبێت.

بۆیە دیسان گرووپی پیشەسازیەکان لە بەریتانیا جارێکی تر هۆشداریان دا کە نەمانی ئازادی هات و چۆ بۆ نەتەوەکانی نێو ئەورووپا کار دەکاتە سەر نرخی هەرشتێک و بەرزیشی دەکاتەوە. کاردەکاتە سەر درووستکەرو بەکارهێنەریشی. کاردەکاتەسەر گوێزەرەوەو ئەوەی کە خەزنیشی دەکا تا ڕۆژی دوایی بیفرشێت. خەڵک بەگشتی دەڵێت کە بڕیاری دەرچون لە ئەورووپا نادڵنیایی درووست کرد بۆ کرێکاران و بۆ پیشەسازیەکانیش لە هەمانکاتتدا.خەڵک بە گشتی وە بەتایبەتی کرێکارەکان دڵنیا نین کە دوارۆژی کارەکانیان چی لێبەسەر دێت؟ دەڵێن ڕەوا نیە مانگ لە بڕیاری دەرچوون هێشتا ١٦ دوای کرێکارو کارگە و پیشەسازیەکان دڵنیا نین کە دوارۆژی کارەکانیان بە کوێ دەگات. ئەمەش بەڕاستی نارەزایەتی و گلەیی درووست کردووە لە بەرامبەر حکومەت و کەسانی .بریاردەری دەرچوون لە ئەورووپا

## خۆپیشاندانی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی گرێبەست لە بەرێوەبەرایەتی بەرهەمهێنانی ناسریە. بۆ پێدانی مووچە دواکەوتوەکانیان کە ماوەی چەند مانگێکە دواخراوە.

خۆپیشاندەران لەبەردەم تەلاری دیوانی پارێزگای ناسریە کۆبوونەوە. وە شیعاری لە سەر پارچە کاغەز نووسراویان بەرزکردبۆوە ( داوا لە ئەندام پەرلەمانانی زیقار دەکەین کە

داکۆکی بکەن لەم کرێکارانە، داوای دەستبەجێ خەرجکردنی مووچە دواکەوتوەکان دەکەین). حسێن حەمید یەکێک لە خۆپیشاندەران گووتی" ماوەی ٦ مانگە مووچەم وەرنەگرتوە، هەروەها هیچ دەرماڵەیەکیشم بۆ خەرج نەکراوە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەوانەی بە گرێ بەست و ڕۆژانە کاردەکەن خۆی لە ٧٠٠ کرێکار دەدات.

عبدالمجید الخفاجی کە خۆپیشاندەرێکی دیکە بوو، گووتی" بەرێوەبەرایەتی بەرهەمهێنانی کارەبا، هەموو جارێک بیانووی دابین نەکردنی ماڵی دێنێتەوە. داوای کرد کە ئەو کێشەیە لە ڕەگەوە چارەسەر بکەن، کە بۆتە هۆی پێنەدانی مووچەی کرێکاران بۆ چەند مانگێک" هەروەها خۆپیشاندەرێکیتر بەناوی( محمد ساجت) بەم شێوەیە باسی خۆیانی کرد" هەلومەرجی ئێمە لەئەمڕۆدا لە نێوان وەزارەتی مالیە و پلاندان و کارەبا وون بووە، نازانین کام لا بەرپرسە لە خەرجکردنی مووچەکانمان و کێ هۆکارە لە دواکەوتنی".

**هێزی چینی کرێکار لە یەکگرتووبوون و ڕێکخراوبوونیدایە!**

NRT گۆشەی لەگەڵ

ئەم گۆشەیە عەبدوڵا مەحمود دەینووسێت

**بەرنامەی دووجار بیر بکەرەوە** به رنامەیەکی هەفتانەی کەناڵی ئێن ئارتی یە، کە هەرجارە بابەتێک هەڵدەبژێرێت و چەند کەسێک بانگهێشتی بەرنامەکە دەکەن... دیارە زۆر دەگمەن کەسانی چەپ و کۆمۆنیست، یان بێلایەن لەم بەرنامەیدا بەشداری دەکەن... بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە، ئێمە لەهەر ژمارەیەکی بۆ پێشەوەدا، بەشداری یەکێک لە تەوەرە گرنگەکانی بەرنامەکە دەکەین... تا کۆمەڵگا بە بۆچوون و دیدی تر ئاشنا بکەین...

**لەم ژمارەیەدا وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە دەدەینەوە، تەوەرەی بەرواری ٩/١٠/٢٠١٧**
**ئایا کورد لەدانوستاندنەکاندا دەستبەرداری ئەنجامی ریفراندۆم دەبێت؟**

## ئایا کورد لەدانوستانەکاندا دەستبەرداری ئەنجامی ریفراندۆم دەبێت؟

کاکی پێشکەشکار یان ئامادەکاری بەرنامەکە... پرسیارەکان بەو جۆرە دادەرێژێت، کە ئینسان ناچارە بەر لەدەربرینی بۆچوون و وەڵامی پرسیارەکان، لەسەر جۆری پرسیارەکان رابوەستێت و هەڵوێستە بکات. ئایا کورد؟ مەبەستی لە کێیە؟ سەرمایەداری و خێڵی چاوچنۆکی سەرمایە لە کوردستاندا چ وەکو بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و چ وەکو حزب و رێکخراوەی سیاسی کوردن، هەروەکو چۆن کریکارو خەڵکی نەدار و برسیکراویش کوردن چ وەکو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و چ وەکو حزب و رێکخراوەی سیاسی. هەرکام لەوانەش نەک هەر خاوەنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانن، بەڵکو ململانێی راستەقینە لە کۆمەڵگەدا، لەنیوان ئەو دووبەشەی کورددایە... دیارە لە ناو خانەوادەی بزوتنەوەی بۆرژوازی کوردیشدا حزب و رێکخراوەی سیاسی جیاوازی کورد هەن و بەهەمان شیوەش لە ناو بزوتنەوەی کرێکاری و چەپی کۆمەڵگەشدا، حزب و رێکخراوەی جیاواز هەن. بۆیە بەکاربردنی ئایا کورد؟ هەڵبژاردنێکی هەر گەمژانەیەی دەستەواژەیەکە، کە مانا و لێکدانەوەی جیاوازی لە خۆیدا هەڵگرتووە، کە دەیەوێت بلێت هەموو کۆمەڵگە کوردە، ئەو کۆمەڵگە کوردەش خالّییە لەهەموو جیاوازیی و بەرژەوەندیەکی لە یەکجاو و دژ بەیەکی چینایەتی. لە کاتێکدا کۆمەڵگەی کوردستانیش وەکو هەموو کۆمەڵگەیەکی سەر ئەم هەسارەیەی زەوی، کۆمەڵگەیەکی چینایەتییە. لەلایەکەوە چینی سەرمایەدار و حزب و رێکخراوە و ئۆرگان و نیهادی هەمەرەنگی پارێزەری خۆی هەیە، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی قازانجپەرستانەو مانەوەی خۆی و دەسەڵاتی پارێزەری. لەبەرامبەریشدا، چینی کرێکار و بێبەشانی هاوپەیمانی هەن، کە دژی سەرمایەداری و دەسەڵاتی سەرمایەن لە کوردستان. تەنانەت لە نێو خانەوادەی بۆرژوایشدا، ناکۆکی هەیە لەسەر زۆریک لە مەسەلەو گرفتەکان، پرسی ریفراندۆمیش کە تەوەرەی بەرنامەکەیە... بەشێکی بەرین لە ناو خانەوادەی بۆرژوازی کوردا، دژی ریفراندۆم بوون لە دۆخی ئیستادا و ئەمەیان بە قازانجی بۆرژوازی و چینی سەرمایەدار و دەوڵەتی داهاتووی سەرمایە لە کوردستان نەزانی. بۆیە پرسیارەکە دەبێ ببێ بەوەی ئایا پارتی و ئەو بەشەی یەکێتی نیشتیمانی کەپشتوانیان لە ریفراندۆم کرد، ئامادەن دەستبەرداری ریفراندۆم بن لەدانوستاندنەکاندا؟ یان دەکرا بوترێت، خەڵکی کوردستان ئەرکیان چییە لە بەرامبەر ئاکامی ریفراندۆم و لەبەرامبەر بە دانوستاندنەکاندا؟

ئەگەر بچینە سەر وەڵامی ئەوەی ئایا ئەحزبی بۆرژوازی کورد کە لەگەڵ ریفراندۆم بوون ئامادەن دەستبەرداری ریفراندۆم بن لە دانوستاندنەکاندا؟ گومانی تیا نییە، ئەحزابی بۆرژوازی کورد چ ئەوانەی لەگەڵ ریفراندۆم بوون و چ ئەوانەیان ریفراندۆمیان لە دۆخی ئیستادا بە دروست نەدەزانی، ئامادەن لە ژێر گوشاردا یان بەدەست راگەیشتن بە هەندێک مەرامی دیاریکراو کە بەقازانجی حزب و بزوتنەوەکەیان بێت، ئاکامی ریفراندۆم هەڵپەسێرن یان پاشەکەوت و تەنانەت دەستبەرداری ئاکامەکانی ریفراندۆم ببن و لەبەرامبەردا ئیمتیازات وەربگرن... ئەم بۆچوونەمان ریشەی لە کارنامەو مێژووی ئەو بزوتنەوەدایە. بزوتنەوەی کوردایەتی بە درێژایی مێژووی خۆی، بزوتنەوەیەک بووە کە

**بەشێک لە بۆرژوازی کورد، بەشی سەرەکی ئەو بزوتنەوەیە بۆیە دەستی برد بۆ سازدانی ریفراندۆم و تا بەجیا لە تەماحە حزبیەکانی، چوارچێوەیەکی تر بدات بە ژیانی داهاتووی سیاسی...**

هەمیشە پشتی بەستوە بەکەڵک وەرگرتن لە بۆشایی و ململانێی نێوان وڵاتەکان و کێشمەکێشەکانیان یان خۆبەستنەوە پێیان و پابەندبوون بە ستراتیج و ئامانجی ئەو وڵاتانە. ئەوەی کە بەدەگمەنیش نەبینراوەو رەچاویان نەکردووە، پشت بەستن بووە بە بریار و ئیرادەو توانایی خەڵکی کوردستان. هەر ئەوەشە وا دەکات، کە خەڵکی کوردستان متمانەیان بە حزبەکانی بۆرژوازی کورد نەبێت. لە ئێستادا و هەروەکو پێشبینیش دەکرا، هەرەشەو چاوسورکردنەوە تا داسەپاندنی ئابلۆقە و جموجۆڵی هیز و سەربازی... لە بەرامبەر بە ئەنجامدانی ریفراندۆمدا لە ئارادان. ئامانجیش لەو هەرەشانە لەلایەکەوە بۆ ئەوەیە دۆخی ترس و دڵەراوکێ و نائارامی پەرەپێبدەن و پاشەکشە بە بریاری یەکلاکەرەوەی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا بکەن و خەڵکی کوردستانیش سزا بدەن لە پای ئەو هەڵبژاردنەی کە بۆسەربەخۆیی لە ریفراندۆمدا داویانە. هەرەشەکانیش هەر ئەو دەوڵەت وڵاتانەن، کە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەدرێژایی تەمەنیان پشتیان پێ بەستوون و رێکەوتننامەیان لەگەڵ مۆرکردون و تەنانەت پێشلەشکریان بۆیان کردووە. هەر ئەو حزبانە، خۆیان بەشێک بوون لە دەسەڵاتی بەغداو رۆڵی بێدرێغیان گێرا بۆ سازدانەوەی دەوڵەتی عێراق و چوونە پشت فیدرالیزمی قەومی و دەستوری دابەشکاری تایفی. خۆیانن لەوەتەی هەن یان لە قوتبی ئیرانی یان تورکیدا جێگایان گرتوە و رژێمەکانی ئیران و تورکیایان بە دۆست و هاوپشتیوانی خەڵکی کوردستان ناساندووە، و لە ستایشیاندا کەمیان نەهێناوە، دەیان رێکەوتنامەی سیاسی و سەربازی و ئەمنی و ئابوریان لەگەڵیان واژۆ کردووە، کەچی هەر ئەو دەوڵەت و رژێمانەشن کە بە پلەی یەکەم کەوتونەتە هەرەشە و چاوسورکردنەوە و دەستبردن بۆ سنور داخستن و ئابلۆقەدانان و.. بەشێک لە بۆرژوازی کورد، بەشی سەرەکی ئەو بزوتنەوەیە بۆیە دەستی برد بۆ سازدانی ریفراندۆم و تا بەجیا لە تەماحە حزبیەکانی، چوارچێوەیەکی تر بدات بە ژیانی داهاتووی سیاسی... ئەو چوارچیوە لەدەسەڵاتداریێتی کە لە ساڵی ١٩٩١ وە درێژەی هەبوو، ببوە رێگر لەوەی ئەو مۆدێلە بتوانێت درێژە بە حوکمرانی خۆی بدات، کە حکومرانیەکی میلیشیایی و حزبی بوو... ئەو حکومرانییە رۆژ بەرۆژ لەبەردەم نارەزایەتی جەماوەریدا بوو، خۆیشی نەیدەتوانی ئەو چوارچێوەیە تێبپەرێنی بەهۆی ئەوەی مافی حکومرانی لە ئاستی دنیاو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیدا بۆ بەفەرمی نەناسرابوو... دەستبردنی بۆ ریفراندۆم بۆئەوە بوو ئەم مافی دەسەڵاتداریێتیە، فەرمی بکات و مافی دەسەڵاتداریێتی بکاتە مافێکی دانپانراوی نێودەوڵەتی. بۆئەوەی ئەو رەوتەش بە ئاکام بگات، کە بەقازانجی خۆی و تەنانەت بە سودی خەڵکی کوردستانیش تەواودەبێت... ئەوەیە کە دەست بە ئیرادەی خەڵکی کوردستانەوە بگرێت و پاشەکشە لە ئاکامەکانی ریفراندۆم نەکات و بۆ بەسەرئەنجام گەیاندنی پرۆسەکە تاکۆتایی بەردەوام بێت. کە جیاکردنەوەی کوردستان و پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆییە، بەڵام ئەمە کارێک نییە ئەو حزبانە خۆیان بیکەن. ئەوان لەو جێگایەی گورز بە بەرژەوەندیەکانیان دەکەوێت، پشت دەکەنە خەڵکی کوردستان و ئیرادەکەیان. بۆیە پێویستە خەڵکی کوردستان رێگەنەدەن یاریەکی ئاوا بەرێوەبچێت. پێویستە بۆ بەرگری لە بریار و ئاکامی ریفراندۆمەکەدا لە مەیداندا بمێنەوە و گوشاریان زۆرتر لە گوشاری وڵات و دەوڵەتەکانی ناوچەکە بێت لەسەر حزبەکانی کوردستان تا پابەندی بریاری ئاکامەکانی ریفراندۆم ببن. هەروەها خەڵکی کوردستان پێویستە خۆیان بۆ بەرگری لە بریارو دەنگ و ئاکامی ریفراندۆمەکە لە گۆرەپانەکەدا ئامادەییان هەبێت و رێ و شوینی کاراو بیرلێکراوەو دروست بۆ وەڵامدانەوە بە هەرەشەو چاوسورکردنەوەو ئابلۆقەو پیلانەکانی وڵاتانی ناوچەکە بەدەستەوە بگرن و نیشانی بدەن کە ئاکامی ریفراندۆم بەری رەنجی بریاری خۆیانەو دەستی لێ هەڵناگرن. ئامادەیەکی لەو بابەتە لەسەر ئاستی سیاسی و جەماوەری و چەکداری و دیبلۆماسی... رێگەدەگرێت لەوەی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بکەونە سات و سەودا بە ئاکامەکانی ریفراندۆم بۆ هەڵپەساردن یان پاشەکەوتکردن و دەست لێ هەڵگرتن و هێنانە ئارای بەدیلی تر. ریفراندۆم لە نیوان جیابوونەوە یان مانەوە لەگەڵ عێراقدا بوو، نەک بۆ هیچیتر. جیابوونەوەو پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ بۆتە بەرهەمی دەنگ و بریاری خەڵک و دەبێ ئەوەش جێبەجێ بکرێت. زامنی سەرکەوتنی ئیرادەی خەڵکی کوردستانیش بۆ پێکێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، وەستانەوەی هەمەلایەنەیە بەرووی هەر هەوڵ و هەرەشەو بەدیلێکی تردا کە لەجێگای جیابوونەوە لە عێراق بگیرێتە بەر. خەڵکی کوردستان بەریزی یەکگرتوانەو رێکخراوی خۆیان و بە کۆبونەوەیان لەدەوری نەخشە رێگایەکی هەنگاو نان بۆ جیابوونەوە و نەخشە رێگایەک بۆ وەڵامدانەوە بە پیلان و هەرەشەو رێکەوتنی لەسەرەوەی ئەحزب و لەگەڵ بەغداو وڵاتانی ناوچەکە، دەتوانن ئەم قۆناغەو ئەو برگە مێژوویە یەکلایی کەرەوەیە، بە قازانجی داهاتووی خۆیان بشکێنەوە. پشتیوانی ناوچەیی و جیهانی لە جەماوەری لە مەیداندابوو بۆ مافە رەواکانی خۆی و لەوانەش بۆ بریاردانی کۆتایی لەسەر داهاتووی خۆیان، بەندە بە لەمەیداندابوونی خۆیان و روئیای پێشکەوتنخوازانەو سەردەمی بۆ دەوڵەتی داهاتوویان.

# لە یادی سەدساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا... ژنان و شۆڕش، پێشڕەوی و پاشەکشەکانیان

نووسینی: لاوژە جەواد

پێشەکی:

" هیچ شۆڕشێکی سۆسیالیستی بەبێ بەشداری کاریگەری و بەرفراوانی ژنانی کرێکارو زەحمەتکێش ناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت" لنین لە کۆنگرەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ڕوسیا 19ی نۆڤێمبەری 1918.

بەدوای سەرکەوتنی شۆڕش، دەسبەجێ لە یەکەم لیژنەی کۆمسیاری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی ڕوسیا، بۆ یەکەمجار لە مێژوی کۆمەڵگەی بەشەری ژنێک دەتوانێت پۆستی وەزیر وەربگرێت. ئەلێکساندرا کۆڵەنتاین ژنە خەباتکاری کۆمۆنیست بەدوای سەرکەوتنی شۆڕش وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی پێدەسپیردرێت.

هەر لە هەفتەکانی یەکەمی دوای شۆڕشدا پڕۆگرامی یەکسانی و مافە ئینسانیەکانی ژنان کە زۆر لە مێژ بوو لە لای کۆمۆنیستەکان داڕێژرابوو، پێی نایە سەر عەرزی واقیع و کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. گرنگترین و بەرچاوترینیان ئەمانە بوون:

هەڵوەشانەوەی سەرجەم یاسا کۆنەکانی دەسەڵاتی قەیسەر کە تیایدا ژنان موڵک و کۆیلەی پیاوان بون و تەنانەت پیاوان بۆیان هەبووە توندوتیژی بەرامبەر ژنان بەکاربهێنن.

هەڵوەشانەوەی هاوسەرگیری کڵیساو بە رەسمی نەناسینی بەهۆی ئەوەی کە بەپێی یاسا ئاینیەکان پیاوان زاڵدەبن بەسەر ژنانەوە. ( بەگشتی دین لە کاروباری دەوڵەتی جیاکرایەوە). بۆ هاوسەرگیری فەرمانگەیەکیان دیاریکرد بۆ تۆمارکردن، دواتر بەیەکجاری هەموو جۆرە پەیوەندیەکی ئازاد و بە دڵخوازی نێوان ئینسانەکان بەڕەسمی ناسێندرا و پێویست بە تۆمارکردن نەما.

منداڵانی دەرەوەی هاوسەرگیری بە رەسمی ناسێندران و بەهرەمەند کران لە مافی بەرابەر.

کار بۆ هێنانەدەرەوەی ژنان لەچوار دیواری ماڵ، بە کۆمەڵایەتیکردنەوەی کاری ناوماڵ بۆ ئەم مەبەستەش چەند یاسایەک دەرکراو دواتر جێبەجێکران.

* کردنەوەی دایەنگاو شوێنی تایبەت بە چاودێری منداڵان

* کردنەوە جلشۆرگەو خواردنگەی گشتی بۆ هەموان

* لە هەموشی گرنگتر بۆ یەکەمجار لە مێژودا ژنان مافی لەباربردنی منداڵیان پێدراو کاری پێویست لەمبارەوە ئەنجامدرا.

لەم سەردەمەدا بەهۆی شەڕو نەهامەتیەکان ڕێژەی لەشفرۆشی یەکجار زیادیکردبوو، بەلشەفیکەکان هەوڵی جدیان دا بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاریدەیەو کۆششیان کرد بۆ گەڕانەوەی ئەم قوربانیانە بۆ دۆخی کۆمەڵایەتی ئاسایی.

بەجیا لەمانەش هەر بۆ یەکەمجار لە مێژودا سزا لەسەر ئەوکەسانە لابردرا کە هاوجنسگەرا بوون. بەپێی یاساکانی پێشو ئەوکەسانە دوور دەخرانەوە بۆ کۆمەڵگەکانی کاری زۆرە ملێ لە سبریا.

بەرچاوبوونی بەرهەمی شۆڕش لە پەیوەند بە ڕزگاری ژنانەوە زۆر جێگای شانازی لنین بووە لە هەر بۆنەیەکدا کە هەڵسەنگاندنی بۆ دەسکەوتەکانی شۆڕش کردبێت، وەک نمونەی پڕشنگداری دەسکەوتەکان باسی مەیدانی ژنان دەکات و ئیشارەتی بە شۆڕشە دیموکراتیەکانی وەک و ئینگلتەڕا لە ناوەڕاستی 1600 ەکان و شۆڕشی فەرەنسا کردوە وە ئەمریکای لانکەی دیموکراسی کردۆتە نمونە کە نەیانتوانیوە ئەم مافانە بۆ ژنان دەستەبەر کەن. وتویەتی هەموو ئەم مافە دیموکراتیانە لەلایەن ئێمەوە هەوڵی دەستەبەرکردنیان دراوە. نمونەی ئەم وتانەشی لە کۆنگرەی ژنانی کرێکار ساڵی 1919، لە دانشتنێکی تایبەتی لەگەڵ کلارا زتکین کاتێک کلارا لێیدەپرسێت ئێوە نەزەریاتی مارکسیستیتان بۆ ڕزگاری ژنان عەمەلیکردۆتەوە؟ هەڵسەنگاندنی یادی چوارساڵەی شۆڕش ( ژمارە 234 ی ڕۆژنامەی پراڤدا 18 ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1921). بۆنەی ڕۆژی جیانی ژنانی کرێکار، وتار 4ی مارسی 1921.

بەڵام لینین هەمیشە پێیوابوە کە بەتەنها یاسا ناتوانێت کێشەکانی ژنان چارەسەربکات و بۆ بەدەستهاتنی گەیاندنی خەباتی یەکسانی ژنان سێ هەنگاوی کردوەتە پێشمەرج و بە زەروری داناوە.

یەکەم: یەکسانی یاسایی ژن و پیاو.

دووەم: بەشداری ژنان لەڕوی پراکتیکیەوە لە بەڕیوەبردنی کۆمەڵگە

سیهەم: ژنان کاتێک بەتەوای ڕزگاریاندەبێت کە خێزان خاسیەتی خۆی وەک یەکەی ئابوری کۆمەڵگا لەدەستبدات. (پشتبەستن بە بۆچونی ئەنگلس لە کتێبی بنەچەی خێزان.)

ئەگەر سەیرێکی ئەم دەسکەوتانە بکەین بەهەق جێگای شانازین کە سەد ساڵ پیش ئێستا هاتونەتە دی، کۆمەڵگای ڕوسیا چ جۆرە کۆمەڵگایەک بوو؟ ڕۆڵ و نەخشی ژنان لە شۆڕش چیبوو؟ ئەم دەسکەوتانە چۆن بەدەست هاتن و جیبەجێکران؟ ڕۆڵی ژنان چیبوو لەم نێوەدا؟ بۆچی دواتر پاشەکشە بە زۆربەی ئەم دەسکەوتانە کران و ژنان ڕاپێچی ماڵداری کرانەوە؟ بەدوای بەرنامەی ئابوری نوێ ( نیپ) بۆچی ڕێژەی بیکاری لەنێوان ژنان یەکجار زۆربوو؟ بەگشتی شۆڕشی کرێکاری بە ئامانجی خۆی گەیشت یاخود شکستی خوارد؟ هۆکارەکانی شکست چیبوون؟

ئامانجی من لەم نوسینەدا گێرانەوەی روداوەکان نییە، دەسکەوتەکانی ژنان لەم شۆرشەدا زۆرترین قسەی لەبارەوە کراوە، بەڵام من لێرەدا دەمەوێت جەخت لەوە بکەمەوە کە زەرورە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بەردەوام ئەم ئەزمونانە بخاتە بەر ڕۆشنایی و هەوڵبدات بۆ بەدیهێنانی دنیایەکی باشتر، تیشکیان بخاتەسەر و دەرسیان لێوەرگرێت و بەپێی واقیعیەتی جیهانی ئەمڕۆ ژنان ئامادە بکات بۆ شۆڕشێکی تر.

## دۆخی ژنانی ڕوسیا لەو سەردەمەدا

لە ساڵانی 1900 ەکاندا ڕوسیا وەک وڵاتێکی دواکەوتوی کشتوکاڵی مابۆوەو هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەردا نەهاتبوو. ژنان بارودۆخێکی یەکجار خراپیان هەبوو، لەهەموو مافێک بێبەش بوون. زۆربەی خەڵکی ڕوسیا جوتیار بون و لە لادێکان دەژیان لەوێ کەمێکیان لە کۆیللە گەڕابۆوە. زۆربەیان نەخوێندەوار بوون و دەستیان بەهیچ جۆرە خزمەتگوزاریەک نەدەگەیشت. ژنانی ئەم ولاتە توندوتیژیان بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو بەرامبەر بەکاردەهات و بەیاساش ژنان مولکی پیاوان بوون.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم چەند شەپۆلی خوازیاری ئاڵوگۆڕ ڕوسیای گرتەوەو لەم وڵاتەش چەند بزوتنەوەیەکی نیشتمانی، نیهیلیستی و ڕادیکاڵی سەریان هەڵدا، لەنێو ئەمانەشدا چەند ژنێکی خەباتکار ئەکتیڤ بوون بۆ مافی ژن، ڤیرا زاسلو یەکێک لەو ژنانە بوو کە دواتر یەکێک لە هەڵسوڕاوە بەرچاوەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو.

لە ساڵی 1903و 1905 هەوڵی شۆڕش لە روسیا شکست دەخوات. لەم شۆڕشانەشدا جارێکی تر ژنان ڕۆڵی بەرچاویان دەبێت، بەدوای بەتایبەت 1905 دەسەڵاتی قەیسەر ناچاردەبێت چەند ئاڵوگۆڕ و ڕیفۆرمێک بکات و ڕێگا بە هەڵبژاردن (دوما) بدات، کە تەنها لەسەدا سی پشکی جەمارەر بوو بۆ خۆ کاندیدکردن و لەسەدا حەفتای لەلایەن قەیسەرەوە دەستنیشاندەکرا.

یەکێک لە دەسکەوتەکانی ئەم شۆڕشە دەستەبەرکردنی مافی ڕێکخراوبوون و سەندیکای کرێکاری بوو. بزوتنەوەو ڕێکخراوە فیمینیستەکانیش لەم کاتەدا زیاتر دەرکەوتن و سێ گروپی سەربەخۆیان هەبوو.

* ژنانی بۆرجوازی کە داوای هەندێک مافی یاساییان دەکرد بۆ ژنان

* نیهیلستەکان کە پیانوابوو ژنان دەبێت وەک پیاوان جلوبەرگ لەبەربکەن و خۆیان نیشانبدەن و جگەرە بکێشن

* سۆسیالیستەکان کە تەرکیزیان لسەر ژنانی کرێکار بوو بۆ بەدیهێنانی مافی یەکسانی هەمە لایەنەی ژنان و پیاوان، جەختیان لەسەر مافی خوێندن و دەستگەیشتن هموو ژنان بوو بە خزمەتگوزاریەکان.

دیارە ژنانی ڕوسیا لە ساڵانی 1870 کانەوە مافی خوێندنیان لە هەندێک بواری وەک پەرستاری، مامۆستایی و هەندیک بواری تر کە بە کاری ژنانە دەناسران هەبوو.

بەدوای ئەو کرانەوەیە بەڕوی ڕیکخراوبوندا، لە ساڵی 1908 یەکەم کۆنفرانسی ژنان لە روسیا بەڕێوەدەچێت و کەلێنی نێوان ژنانی پڕۆلیتارياو بزوتنەوە فیینیستیە دەگاتە ئاستی جیابوونەوە و هەرکامەیان بە ڕێگای خۆیدا دەڕۆن. هەرچەند لە ساڵی 1909 پڕۆگرامی سۆسیال دیموکراتەکان دەنوسرێت و بە کۆنکرێتی پێداگر دەبێت لە یەکسانی هەمە لایەنەی نێوان ژنان و پیاوان. بەڵام بزوتنەوەی ژنان لە پاشەکشە دەبێت هەتا ساڵی 1912.

بەهۆی کۆچی زۆری خەڵکانی لادێکان بەرەو شارەکان و کارکردن لە کارخانەکان ژمارەی ژنانی کرێکار لە زیادبوندا دەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ بەهێزبوونەوەی بزوتنەوەی کرێکارانی ژن و هەوڵدانی ژنە سۆسیالیستەکان بۆ ریکخستنیان و خەباتکردن لەپێناوی مافەکانیان.

لە ساڵی 1914 نزیکەی لە سەدا بیست و پێنجی کرێکاران ژن دەبن. بەلشەفیکەکان زۆر بەجدی دەکەونە کارکردن لەناو کرێکاران و هەوڵی هۆشیارکردنەوەیان دەدەن بە مافەکانیان، وە ڕۆژنامەیەکیان بەناوی (ڕاپۆرتنیتسا )واتا کرێکاری ژن دەردەکرد، بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم تەنها تواندرا چەند ژمارەیەکی کەمی لێدەربچێت.

لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا ڕوسیا یەکێک لەم وڵاتانەی شەڕ دەبێت کە ئەڵمانیا هێرش دەکاتە سەری و بەشێکی لێداگیردەکات. بەهۆی ئەوەی کە بە ملیۆنها پیاوان دەنێردرێن بۆ شەڕ ژنان ناچاردەبن بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان لە کارگەکان جێگای پیاوان بگرنەوە.

ژنان لەم ساڵانەدا لەژێر بارودۆخێکی زۆر خراپ تا ڕۆژی دوانزدە سەعات بە کرێیەکی یەکجار کەم کاردەکەن، بەشێوەیەکی بەرچاویش لەلایەن خاوەنکارەوە سوکایەتیان پێدەکرێت و ڕوبەروی گێچەڵ و دەستدرێژی دەبنەوە، ناچارن بە ڕۆژ منداڵەکانیان بەجێبهێلن، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە منداڵی بێ سەرپەرشت و سەر شەقامەکان زیادببن، ژمارەی ئەم منداڵانەی کە لەسەر شەقامەکان فڕێدەدران لە زیادبوندابوو.

لەشفرۆشی بەڕێژەیەکی یەکجار زۆر زیادیکردبوو، لەم وڵاتەدا شوێنی رەسمی بۆ لەشفرۆشی تەرخانکرابوو و لەلایەن ئەفسەرەکانەوە دەکرایەوەو کلیساکان پیرۆزیان دەکرد.

لەوێ ژنانی لەشفرۆش بە فەرمی خاوەن کارتی زەرد بوون، کارتی زەرد واتا وەرەقەی موڵەت و لە ساڵێکدا چەند جارێک پشکنینی تەندروستیشیان بۆ دەکرا. تەنها بەوە ئەم ژنانە لە کۆیلایەتی سێکسی دەرباز دەبون ئەگەر کێشەی تەندروستاین هەبوایە. بەجیا لەوەش لەسەر جادەو شەقامەکان ژمارەی ئەو کچە زۆر گەنجانە لە زیادبوندا بوو کە لەپێناو بژێوی ژیانیان ناچار بەم کارە ببون. ئەمەش هۆکارێکی تربوو بۆ زیادبونی منداڵی بێ سەرپەشت وە هەروەها بڵاوبونەوەی نەخۆشی جۆراو جۆر لەناو ژناندا.

کەمی نان و درێژی سەرە بۆ دابینکردن نان یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بوو.

بەهۆی جەنگی جیهانی یەکەمەوە لە ساڵی 1917 لەنێوان لەسەدا چل تا پەنجای کرێکاران ژن بوون ئەمەش وایکردبوو کە ببنە خاوەنی تارادەیەک ئازادی و باوەڕ بەخۆبوون لەبەرئەوەی ئابوری خۆیان هەبوو.

## شۆڕشی شوباتی 1917

ڕۆژی 23ی شوباتی 1917 بە ڕۆژمێری کۆنی ڕوسیا کە بەرانبەرە لەگەڵ 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان، بەم بۆنەیەوە ژنانی کرێکار شان بەشانی پیاوان بەرامبەر بارودۆخی خراپی ژیانیان بە شیعاری نان بۆ هەموان دەڕژێنە سەر شەقامەکان لە پترۆگراد، سەرەتا ژمارەیان نزیکەی 350 کرێکار دەبێت، بەڵام تا دێت کرێکارانی زیاتر پییانەوە پەیوەست دەبن و سنوری داواکاریەکانیان بەرفراوانتر دەبێت، ئەم خۆیشاندانە پێنج ڕۆژ دەخایەنێت و داوای دەستلەکارکێشانەوەی قەیسەر دەکەن، دەرئەنجام هێزە ئەمنیەکانیش ئامادە نابن بەرامبەر خۆپیشاندەران بوەستنەوەو بە خۆپیشاندەرانەوە پەیوەست دەبن، دەسەڵاتی کۆنەپەرستی پاشایەتی قەیسەر دەخەنە سەر ئەژنۆ و پاشەکشەی پێدەکەن.

حکومەتی کاتی پێکدیت و هەندێک لە حیزبە چەپ و سۆسیالستەکانی وەک و مەنشەفیەکان و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان لەگەڵ حیزبی پارێزگاران و لیبڕاڵەکان حکومەتی کاتی پێکدەهێنن. کاتێک گفتوگۆ لەبارەی بەشداری بەلشەفیەکان دێتە پێشەوە لینین توڕە دەبێت و دەڵێت ئەمە حکومەتی بۆرجوازیەو نابیت بە کەمتر لە شۆڕشی کرێکاری ڕازیبین، ئەمە لە وتاری گەڕانەوەی بۆ ڕوسیا ڕۆژی 2ی ئەپریل کە لەلایەن کرێکاران و خەڵکی ناڕازیەوە لە وێستگەی شەمەندەفەر پێشوازی لێدەکرێت تەئکید لێدەکاتەوە.

لە ماوەی حوکمڕانی حکومەتی کاتیدا شەڕ هەر بەردەوام دەبێت و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بارودۆخی خەڵکی زەحمەتکێش خراپتر دەبێت. لەم دۆخەدا ژنە بەلشەفیەکان بە رابەرایەتی کۆڵەنتاین ئەنسە ئۆرمۆندو، کرۆپسکایا دەتوانن کارو چالاکی زۆر بەرچاو ئەنجامبدەن.

لەم سەردەمەدا ڕێکخراوی ژنانی بۆرجوازیش جوڵەیان دەبێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لایەنگری لە بەردەوامی شەڕ دەکات لەپێناوی سەروەری وڵات... ناتوانێت

⇦

جێگاوڕێگای خۆی لەنێو زۆرینەی ژنان بکاتەوە.
لە ماوەی ئەم نۆ مانگەدا کۆڵەنتاین دەتوانێت ڕابەری چەندین خۆپیشاندان و مانگرتن بکات، بەرچاوترینیان خۆپیشاندانی ژنانی کرێکار و خێزانی سەربازەکانی جەنگ دەبێت بۆ دابینکردنی نان و ئاشتی و پێداویستیەکان.
بەبۆنەی یەکی ئایار، ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار، بە ڕابەری کۆڵەنتاین چەند مانگرتنێکی کرێکاری ڕوودەدات و داوای کەمکردنەوەی سەعاتی کارو زیادکردنی کرێ و کردنەوەی دایەنگە دەکرێت بۆ منداڵانیان کە زۆربەی بەشداربوان ژنان دەبن. هەر لەم سەردەمەشدا ڕۆژنامەی ژنی کرێکار جارێکی تر دێتەوە ناو کۆمەڵگە.
لە کاتی دەسەلاتی حکومەتی کاتیدا، بەلشەفیکەکان دەبنە ئۆپۆزیسیۆن و سەرجەم هەوڵەکانیان چڕ دەکەنەوە بۆ بەهێزکردن و بەرفراوانکردن شورا کرێکاریەکان بەتایبەت لە پترۆگراد بە دروشمی "هەموو دەسەڵاتێک بۆ شوراکان" دەسەڵاتی دولایەنە دادەمەزرێنن. ژنان هاندەدرێن کە بەشداری کاریگەریان هەبێت لە بەڕێوەبردنی شوراکان و مافی خۆ کاندیدکردن و دەنگدان بەدەست دێنن لە هەموو هەڵبژاردنێکدا، ئەمە لە کاتێکدا دەبێت کە تەنها لەسێ دەوڵەت لە جیهاندا ژنان مافی دەنگدانیان هەیە. لە فەرەنسای لانکەی دیموکراسی ژنان 50 ساڵ دوای ئەمە ئەم مافە بەدەست دەهێنن. دیارە حکومەتی کاتیش لەژێر ئەم فشارانە مافی دەنگدان دەدات بە ژنان و کاری لەشفرۆشی ڕێگاپێدراو قەدەغە دەکات، بەڵام هیچ کارێک بەعەمەلی ئەنجام نادرێت بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاریدەیە.
ئێوارەی ڕۆژی 24ی ئۆکتۆبەری 1917 لینین لە کۆبونەوەیەکی شوڕایی کە شوراکان بە ڕابەری ترۆتسکی خۆیان لە سوپای سوردا چەکدارو ئامادە کردوە، دەڵێت" دوێنێ زوو بوو سبەی درەنگە بۆ شۆڕش" هەر ئەمشەوە بە شیعاری (نان، ئاشتی، زەوی بۆ هەموان) پەلاماری کۆشکی زستانە دەدرێت و شۆڕشی کرێکاری سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت.
ژنان ڕۆڵی بەرچاویاندەبێت لەم شۆڕشەو بەشێک لە شوڕاکان و تەنانەت سوپای سوریش دەبن.
لە دەسەڵاتی دوای شۆڕشدا، گفتوگۆو کۆبونەوەی بەرچاو لەنێوان ژنان ئەنجامدەدرێت و چەندین داواکاری فەوری لەلایەن ڕابەران و هەڵسوڕاوانی ژنان دەخرێتە ڕوو، وەک و کەمکردنەوەی سەعاتی کار، یەکسانکردنی کرێ، بە کۆمەڵایەتیکردنەوەی کاری ناوماڵ ...... تاد.
زۆر بەجدی کاردەکرێت لەم پێناوەدا، هەروەک لە پێشەکیەکە ئیشارەتم پێداوە کۆمەڵێک دەسکەوت بەدەست دێن. بەڵام هەروەک لنین دەڵێت تەنها یاسا بەس نییە بۆ گەیشتن بە ئاماجەکانمان لە مەیدانی ژنان. لەم چوارچێوەیە دەست بۆ کاری هۆشیاری و ڕۆشەنگەری دەبەن، بۆ نمونە کار لەسەر هۆشیاری ژنانی کرێکار، ژنانی جوتیار لە لادێکان، بەبەردەوامی کۆبونەوەیان لەگەڵ ئەنجامدەدەن و هەوڵی ئەوەیان لەگەڵ دەدرێت کە فێری خوێندەواری بن.
لینین بەردەوام لە وتارەکانی لە کۆبونەوەکاندا تەکیدی دەکردەوە کە زەرورە ژنان خۆیان بێنە مەیدان و خەبات بکەن بۆ مافەکانیان بۆئەوەی لە کۆتوبەندی کۆیلایەتی ڕزگاریان بێت، وە هەروەک باسمکرد بۆچونی ئەنگلس سەبارەت بە خێزانیان کردبوە بنەمای کارەکانیان و پیانوابوو کە دەبێت کاری ماڵ کۆمەڵایەتی بکرێتەوەو ژن بەرهەم هێنبێت و فۆرمی خێزان بەم شێوە تەقلیدیە نەمێنێتەوە، بۆ ئەمەش کەوتنە کردنەوەی دایەنگا، خواردنگاو جلشۆرگەی گشتی. ئەوان زەرورەتی بوونی ڕێکخراوی ژنانیان ڕەتدەکردەوە، پێیان وابو ژنان و پیاوانی کرێکار لەیەک جیادەکاتەوە، هەربۆیە لە ساڵی 1919 بڕیاردرا کە لە کۆمیتەی ناوەندی حیزبەوە بەشی ژینۆتێل بە ئامانجی هۆشیارکردنەوەی ژنان پیکبهێنن.
ژینۆتێل کاری زۆر گرنگی ئەنجامدەدا. بۆ نمونە، دەورەی تایبەتیان دەکردەوەو ژنانیان دەنارد بۆ شوێن و دامودەزگا گرنگەکان بۆ ئەوەی فێری بەڕێوەبردن و بەشداری لە بەڕێوەبردنی وڵات بکرێن. لە گرنگترین کارەکانیان، کارکردن لەسەر ژنان بوو لە ڕۆژهەڵاتی ڕوسیا کە ئاینیان ئیسلام بوو. لەوێ ژنان ڕوبەڕوی کوشتن، بەزۆر بەشودان لە تەمەنێکی زۆر منداڵی دەبونەوە.
لەڕێگای پرۆژەی ڕۆشەنگەری و کردنەوەی کافتریای تایبەت بە ژنان و حەمام و شوێنی تری گشتیەوە دەچونە ناو ژنان. ئەوان هەرگیز حیجابیان بە یاسا قەدەغە نەکرد، بەڵام بە یاسا پارێزگاریان لەو ژنانە دەکرد کە حیجابیان لادەبرد. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کاری ژینۆدیل بگەڕێوە بۆ نوسراوی شۆڕشی بەلشەفیکی و ڕزگاری ژن کە لینکەکەی لەخوارەوە دادەنێم.
لە ساڵی 1920 بە یاسا لەباربردن ئازاد کراو ئەمەش بەشێک لە کارو خەباتی ژینۆتەدیل بوو وە خەڵکیان لەمبارەوە هۆشیاردەکردەوە.

## بەرنامەی ئابوری نوێ ( نیپ)

ڕوسیا بەدوای شۆڕش ڕوبەڕوی جەنگی ناوخۆ بۆوەو ئەمەش جارێکی تر خەڵکی توشی نەهامەتیکردەوەو جارێکی تر کارگەو کارخانەکان داخران، بێکاری باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا، بەڵام ئەمجارەیان ژنان و منداڵان بەتایبەتی پارێزگاری کۆمەڵایەتیان هەبوو لەلای دەسەڵاتەوە. ڕوسیا لە قەیرانێکی ئابوری گەورەدا بوو، لەهەمو لایەکەوە گەمارۆدرابوو ئیزۆلە کرابۆوە. بەشێک لە ڕابەرانی شۆڕش ئومێدیان بەوە بەستبوو کە شۆڕش لە وڵاتانی تر ڕوبدات و فریایان بکەوێت بەتایبەتی ئەڵمانیا کە لەو سەردەمەدا وڵاتێکی پیشەسازی پێشکەوتوبوو، بنەمای ئەم بۆچونەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە تا سەرمایەداری گەشە نەکات و پێنەگات ناتواندرێت سۆسیالیزم پیادەبکرێت و ڕوسیای داڕوخاو بەوخێراییە نابێتە وڵاتێکی پیشەسازی و ئەڵمانیا پیشەسازیە، وە سۆسیالیزم دەبێت سەرتاسەری بێت و لەیەک وڵات ئیمکانی سەرکەوتنی نییە. لە ئەڵمانیاو چەند وڵاتیکی تریش هەوڵی شۆڕش درا بەڵام سەرکەوتو نەبوو.
بەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی ناوخۆو پوچەڵکردنەوەی پلانەکانی دەوڵەتە دژە شۆڕشە ئیمپریالیەکان، وڵات بەتەوای داڕمابو وە نەهامەتیەکی زۆر ڕویتێکردبوو، بەڵشەفیکەکان بەڕابەرایەتی لنین ناچاربون بەرنامەی ئابوری نوێ دابنێنن بۆ سەرپێی خستنەوە ئابوری وڵات، ڕوبەڕوی سازش و پاشەکشە بوونەوە لەوانە بەرنامەی نیپ و سەرمایەداری دەوڵەتی.
لە کاتی نیپدا بەناوی کرێکاری ناکارامەوە ژنانێکی زۆر لەسەر کارەکانیان دەرکران. ئەمە لەکاتێکدا لە ساڵی 1918 لینین لە کۆنگرەی ژنانی کرێکار تەئکید لەوە دەکاتەوە کە ئەوان جیاوازی لەنێوان کرێکاری کارامە ونا کارامە ناهێڵن! زۆربەی خواردنگەو جلشۆرگە گشتیەکان دادەخرێن زۆر بەکەمی لە هەندێک کارگە دەمێنێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا بەلشەفیکەکان تەئکید لەوە دەکەنەوە کە دەبێت کاری ناوماڵ کۆمەڵایەتی بکرێتەوەو مێشکی ژن لە چواردیواری ماڵ قەتیش نەمێنێت. واتا لەم پاشکەشانە ژنان پشکی شێریان بەرکەوت. بەڵام کاری ژینۆتێل بەردەوام بوو لە ڕاهێنانی ژنان لەسەر کارو بەکارامەکردنیان، وە هەروەها ڕەوانەکردنی ژنان بۆ ناوەندی بڕیار بۆئەوەی لە شوڕاکان خۆیان کاندید بکەن و بەشێک بن لە دامودەزگاکانی بەڕێوەبردنی وڵات.
ئامانجەکانی شۆڕش و پاراستنی چوارچێوەی شۆڕش تا ساڵی 1924 بەردەوامدەبێت، لەمساڵەوە گفتوگۆو بەربەرەکانی توند لەنێو ڕابەری حیزبی کۆمۆنیست یان بەلشەفیکەکان ڕودەدات و دەرئەنجام بەرەی بەسنعەتیکردن و سەرمایەداری دەوڵەتی سەرکەوتودەبێت و شۆڕش فەلەج دەبێت، دواتر دێمە سەر هۆکارەکانی. لەم نێوەشدا کاری ژینۆتێل وەک ڕێکخراوێکی NGOبۆ بردنە پێشەوەی پلانی پێنج ساڵە بۆ بە پیشەسازیکردنی ڕوسیا دێتە بەرچاوو چیتر گوێ لە پێشنیارەکانی ڕابەرانی ژنان ناگیرێت.
ژینۆتێل لە ساڵی 1926 هەنگاوی بۆ نەهێشتنی لەشفرۆشی لە وڵات ناو چەند مەڵبەندێکی کردەوە بۆ چارەسەری ئەم ژنانەی کە بەهۆی ئەم کارەوە کێشەی تەندروستیان بۆ هاتبوە پێش، ژنان بە لێشاو ڕویان تێدەکرد، وە هەوڵی جدیان لەگەڵ دەدرا کە ببن بە بەرهەمهێنەرو کرێکاری کارامەو بگەڕێنەوە نێو کۆمەڵگە بە ڕێزو حورمەتەوە، زۆر کاری باشیان لەمبارەیەوە کرد.( سەیری شۆڕشی بەلشەفی و ڕزگاری ژنان بکە).
بەدوای ماوەیەک زۆر توند بە لەشفرۆشەکان بەرخورد کرا بەتایبەتی پیاوان، وە جارێکی تر هاوجنسگەرایی نایاسایی کرا. بەناوی ئەوەی کە لەسۆسیالیزم بەپێی تیۆری مارکسیستی لەشفرۆشی نامێنێت و ئێمە گەیشتوینەتە سۆسیالیزم. وە لەچەند ڕاپۆرتێکدا ئیشارەت بەوەدرابوو کە لەشفرۆشی بەتەواوی بنەبڕکراوە کە ئەمە لەڕاستیدا هیچ بنەمایەکی نەبوو، هەرچەند لەشفرۆشی کەم ببووەوە بەڵام بنەبڕ نەکرابوو.
لەسەرەتای ساڵانی سیەکان جارێکی تر قەیرانێکی گەورە ڕو لەم وڵاتە دەکات و دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە چەندین ملیۆن گیان لەدەستبدەن. بەم هۆیەوە ڕژێمی ستالین لە یاسای لەباربردنی منداڵ پەشیمان دەبێتەوەو بەهەموو شێوەیەک منداڵ لەباربردن قەدەغە دەکات. وە جارێکی تر خێزان پیرۆز دەکاتەوەو وە ژنان دەکاتەوە کۆیلەی کاری ناوماڵ و خوێندنگای کچان جیادەکاتەوەو وانەی ماڵداری و خێزان بە خوێندنیان زیاد دەکات و پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاودەکاتەوە کە ژنان وەک کرێکار و دایکی کرێکار دەبێت ڕێزیان لێبگیرێت. بەهانەی ستالین بۆ کارەکانی ئەوە دەبێت کە ئێمە پێویستمان بە خێزانی سۆسیالیستی هەیە وەک ئەوەی ئەنگلز دەڵێت و لەچەند شوێنێک بۆچونەکانی ئەنگلز بۆ بەرژەوەندی خۆی هەڵدەگێڕێتەوە. وە هەروەها لەوێ دەگەڕێتەوە بۆ وتارێکی لینین کە لەساڵی 1913 نوسرابوو بەناوی" چینی کرێکار و مالتوسیزمی نوێ" دەکاتە پاساوی کە لینین وەڵامی چەند بۆچونێکی مالتو دەداتەوە دەربارەی منداڵبون و زیادبونی ڕێژەی دانیشتوان.

## ئەم پاشەکشانە بۆ؟

شۆڕشی ئۆکتۆبەر شۆڕشێکی عەزیمی کرێکاری بوو، شۆڕشێک بوو کە لە دەرئەنجامی چەندین دەیەی کاری ڕێکخراوەیی و پێکهێنانی ناوەندی شوڕایی جۆراو جۆر بەدەستهات، بەڵام بەداخەوە شۆڕش لە نیوەی ڕێگا شکستی خواردو نەیتوانی ئامانجەکانی خۆی بهێنێتە دی .زۆر بیروبۆچونی جیاجیا هەن دەربارەی شکستی شۆڕش، من لەگەڵ ئەم بۆچونەم کە هۆکارەکەی بۆ بنەما چینایەتیەکان دەگەڕێنێتەوەو پێیوایە لە ڕوسیا نەتواندرا ئابوری بۆ ئابوری سۆسیالیستی بگۆڕدرێت. خەباتی چینی کرێکارو بەدیهێنانی سۆسیالیزم واتا خەبات لەبەرامبەر ئابوری بۆرجوازی و گۆڕینی بە ئابوری سۆسیالیستی و لەڕوانگەی چینی کرێکار و مارکسیزمەوە، شۆڕشی سۆسیالیستی لە بنەڕەتدا شۆڕشێکی ئابوورییە و تەنیا لەسەر ئەم بناغەیە ئەتوانێت شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بێت، هەڵوەشانەوەی موڵکایەتی تایبەت و گۆڕانیەتی بە موڵکی گشتی .لە ڕوسیای شوڕاییدا، تا ساڵی 1924 تواندرابوو دەسکەوتو بنەماکانی شۆڕشی کرێکاری دەستی پیوەبگیرێت سەرباری تەحەدیاتێکی زۆرو ناچار بە پاشەکشەکردن و سازش و لەدەستدانی چەند دەسکەوتێک ،بنەما چینایەتیەکانی شۆڕش بەدوای گفتوگۆو کێشمەکێشێکی گەورەی دەرون حیزبی ڕودەدات لەنێوان ساڵانی 1924 بۆ 1926 سەبارەت بە شۆڕش لە وڵاتانی ترو بە پیشەسازیکردنی ڕوسیا بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزم لە یەک وڵات دەبێت و دەرئەنجام ئەم هێڵەی کە بەپیشەسازیکردنی ڕوسیاو هەڵوەشانەوەی موڵکداریەتی تایبەت و گۆڕینی بە مولکداریەتی دەوڵەتی کە ستالین نوێنەرایەتی دەکات سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و دەبێتە سەرەتایەکی مەترسیداری ئامانجی شۆڕشی کرێکاری لە ڕوسیا. هەر لە سەرەتای گفتوگۆکانەوە هەوڵدەدرێت ڕۆڵی شوڕاو ناوەندە کرێکاریەکان لاوزترو لاوازتر بکرێت و تا لە کۆتایی هەموو دەسەلات بۆ حیزب و لەناو حیزبیش بۆ ستالین دەبێت.
ئەو گفتوگۆیانە لەخۆوە نەهاتوەتە ئاراوە، بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەنتەرناسیۆنالی دووەم، بەدوای ئەوەی هەندیک لە سۆسیال دیموکراتەکان دەبنە دوو باڵ و هەندێکیان پییانوادەبێت کە سۆسیالیزم قۆناغ قۆناغ بەدەست دیت و دەبێت لایەنگری لیبڕاڵ و بۆرجوازیەکان بکەین بۆ بە پیشەسازیکردن وەک هەنگاوێک بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزم، باڵەکەی تر پیوادەبێت کە دەتواندرێت بۆنمونە لە وڵاتێکی نیمچە فیۆداڵی وەک ڕوسیا شۆڕشی کریکاری بەئەنجام بگات. دەرئەنجام سۆسیال دیموکراتەکان دەبنە دوو بەش و لەڕوسیا بە مەنشەفیەکان و بەڵشەفیەکان ناودەبردرێن. بەلشەفیەکان لەلایەن لینینەوە نوێنەرایەتی دەکرێن. واتا ئەم بۆچونە لە ڕوسیا بنەمایەکی نزیکەی سێ دەیەی هەبووە تا کاتی شکستی شۆڕش. هەر ئەم بۆچونانەش ڕابەرانی کرێکاری و هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیستی و شوڕاکانی دابەشکردوە. لەسەرەتای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917 بەشێک لە بەلشەفیکەکان پییانوادەبێت کە پیویستە شۆڕش لە وڵاتانی تر ئەنجامبدرێت بۆ ئەوەی فریای ڕوسیا بکەون، بەتایبەتی ئەڵمانیا کە وڵاتێکی پیشەسازیە، کاتێک دونیا پلان دژی ڕوسیا دەگێڕێت و دەبێتە هۆکاری جەنگی ناوخۆ، پێیانوایە ئەوان ناتوانن لەم بارودۆخە خراپە کە برسیەتی باڵی بەسەر وڵات داگرتوە بەم پەلە پەلییە ڕوسیا سەنعەتی بکەنەوە. ئەگەر بەوردی سەیربکەین دەبینین ئاراستەی ئەم باڵەی شۆڕشی ئەڵمانیای بە فریادرەس دەزانی لەگەڵ باڵی بەسنعەتکردنی ڕوسیا هەمان پرەنسیبە، بۆ هاتنەدی سۆسیالیزم پیویستمان بە پیشەسازیکردن هەیە. هەروەک لەسەرەوە ئیشارەتم پێدا کاتێک شۆڕش بەتەواوی شکست دەخوات لە ساڵی 1926 ەوە پلانی پێنج ساڵە دادەندرێت بۆ زیاتر بە پیشەسازیکردنی ڕوسیا، سەرمایە لەلایەن دەوڵەتەوە مانۆپۆل دەکرێت و ڕۆڵی شوڕاو سەندیکا کرێکاریەکان لاواز دەکرێت و هەموو دەسەڵات لەجیاتی خەڵک و شوڕاکان بۆ حیزب دەگەڕێندرێتەوە بە ڕابەری ستالین. لەوکاتەدا هەروەک چۆن لەگەڵ شکستی کۆمۆنەی پاریس هەموو کۆمۆنارەکان قەتل و عامدەکرێن هەمان شت لە ڕوسیا ڕودەدات و بۆ قەتل و عامکردنی شۆڕشگێڕان و ئەوکەسانەی کە پێ لەسەر بەئامانج گەیاندنی شۆڕش دادەگرن، بەڵام ئەوەیان بەشێوەیەکی شێنەیی ڕودەدات و پرۆسەیەکی چەند ساڵە دەخایەنێت.
من لێرەدا نامەوێت بە وردی باسی هۆکاری ناکامیەکان شۆڕشی ئۆکتۆبر بکەم*، بەڵام جەخت لەوەدەکەمەوە کەئەوەی پاشەکشەی بە دەسکەوتەکانی ژنان کرد شکستی خۆدی شۆڕشەکە بوو، ئەگەر شۆڕش بە ئامانجی خۆی بگەیشتبایەو ئابوری بگۆڕیبا بۆ ئابوری سۆسیالیستی (کۆمەڵایەتی) زۆر بەئاسانی هەموو کێشە کۆمەڵایەتی و دیموکراتیەکان چارەسەر دەبوون. بە واتایەکی تر لە ڕوسیای شوڕاییدا ئابوری سەرمایەداری بەڕێوە دەچوو، بەڵام سەرمایەداری تایبەت نەبوو بەڵکو سەرمایەداری دەوڵەتی بوو، واتا چەوسانەوەی ئینسان لەلایەن ئینسان کۆتایی پینەهات و ئینسان کۆیلەی کاری کرێ بوو بۆ دەوڵەت. لەم نێوەشدا جارێکی تر ژنان کرانەوە وەسیلەیەک بەناوی کرێکاری ناکارامەو هەرگیز نەیانتوانی کرێی یەکسان وەربگرن. کۆمەڵگەی سۆسیالیستی بەدی نەهات بۆ جارێکی تر ژنان ناچارکرانەوە بە کاری ناوماڵ و منداڵبونی زۆر.

**ماوەیەتی... لە ژمارەی داهاتوی بۆپێشەوەدا، درێژەی ئەم بابەتە دەخوێننەوە...**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی... گفتوگۆ لەگەڵ محسین کەریم

و هاوکاتیش خوازیاری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتین لە پێکهاتەی دەسەلات و دابینکردنی ماف و خۆشگوزەرانی و ژیان و گوزەرانی خەڵک دەکەن، پێشوازی لەم میساقە بکەن. دروستکردنی رای گشتی لە دەوری ئەم میساقەی حزب مەرجی سەرکەوتن و جێبەجێ بوونیەتی...

دووەم: دوای ئەوەی لەرووی سیاسیەوە پشتیوانی بۆ ئەم میساقە بەدی دەهێنرێ، دەبێ هەنگاوی دوەم ئەوەبێت جەماوەری خەڵک و هەموو ئەو لایەنانەی بەهەر رادەیەک خۆیان بە هاوبەش دەزانن لەگەڵ ئەو میساقە، سازبدرێن و کاری پێکەوەیی و هاوبەش لەسەر ئەو بنەمایە ئەنجام بدرێ. پیویستە رێکخراوی جۆراوجۆری جەماوەری و دامەزراوەی سیاسی گونجاو دروست بکرێن کە هەنگاوە هاوبەشەکان و نەخشەرێگاکانی داهاتوو دیاری بکەن و دەست بەرن بۆ جێبەجێ کردنیان... بۆنمونە دەست ببرێت بۆ رێکخستنەوەی شورا و ئەنجومەنی ناوەندەکان و گەڕەکەکان و یان هەرجۆرە رێکخستنێکی جەماوەری دیکە... ئەنجامدانی کارێکی لەو جۆرەو سەرکەوتنی، هاندانێکی گەورە دەبێ بۆئەوەی هێزو گروپ و پارتە سیاسیە جیاوازەکان پشتیوانی بکەن و ئامادەی هاوکاری و کاری هاوبەش بن لەو بارەوە.

بێگومان لەم هەلومەرجەدا، رێکخستنی جەماوەر لە دەوری میساقێکی لەم چەشنە، بەبێ جۆرێک لە رێکخستنی چەکداری جەماوەری یان چەکداربوونی گشتی خەڵک ناتوانێ ئایندەیەکی سەرکەوتووی هەبێت. جەماوەر بۆئەوەی بەرگری لە خۆیان و لە بڕیارو خواستەکانیان بەرامبەر هەر هەڕەشەو مەترسیەک بەتایبەتی کە رەنگە لە لایەن دوژمنانی خەڵکی کوردستانەوە بکرێتە سەریان، دەبێ لەرووی چەکداریشەوە رێکخراوبن. بۆیە بەشێک لەکاری هوشیارکردنەوەی و رێکخستنی خەڵک، مەسەلەی چەکداربوونی گشتی و جەماوەریە.

سێیەم؛ پێویستە کاری جدی بکرێ لەگەڵ هێزو لانەیە سیاسیەکان بۆئەوەی پلاتفۆرمێکی سیاسی هاوبەش ئامادە بکەن و کاری هاوبەش و پێکەوەیی بکەن بە ئاقاری جێبەجێبوونی بڕیاری خەڵک و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ . بۆئەوەی هەوڵ بدەن دەوڵەتی داهاتووی کوردستان بەپێی ئەو بنەماو پرەنسیپانە بێت کە لەو پلاتفۆرمەدا دەست نیشانی دەکەن. ئێمەش هەوڵ بدەین ئەوەندەی دەکرێت ئەو هێزانە قانع بکەین بەوەی ناوەرۆکی میساقی حزب قبوڵ بکەن و لەو پلاتفۆرمەدا جێگای بکەنەوە. بۆ ئەو مەبەستە بێگومان لە هەنگاوی یەکەمدا گرنگە ئەو هێزو لایەنانە پێکەوە کۆببنەوە کە بڕوایان بە وپرەنسیپانە هەیەو لەرووی بەرگری لە ماف و کەرامەت و ژیانێکی شکۆمەند بۆ خەڵکی کوردستان و خۆشبژێوی و خۆشگوزەرانی بۆ ئەوان نزیکایەتی باشتریان هەیە...

چوارەم؛ لەسەر ئاستی ناوچەیی وجیهانی پیویستە کاری جۆراوجۆری سیاسی- کەمپینی- دیپلۆماسی بکرێ بۆ راکێشانی پشتیوانی جەماوەری لە پرسی سەربەخۆیی و هەروەها بنەماو پرەنسیپەکانی دەوڵەتی داهاتووی کوردستان. هەروەها لەسەر ئاستی دەوڵەتان و دامەزراوە رەسمیە جیهانیەکان هەوڵ بدرێ پشتیوانی بۆ بەرەسمی ناسینی دەوڵەتی سەربەخۆ بەدەست بێنرێ.

## درێژەی...لە پەراوێزی مەرگی تاڵەبانی...

پشتیوانی تاڵەبانییە لە سکۆلاریزم و مافی هاوڵاتی!!

بەمزگەوت کردنی هەموو گۆشەو کەناری گەرەک و شەقامێک بە قوتکردنەوەی مزگەوت و چوونە پشت مەلاو کۆنەپەرستی ئیسلامی و فەرشی سور راخستن بۆ ئیسلامیەکان و زاڵکردنی کەشی ئیسلامی... بەسەر کۆمەڵگەی مۆدێرنی کوردستان و زۆنی سەوزدا... تا کردنەوەی چەندین حوسێنە و عەمرەی تاڵەبانی گەواهی دەری پێشکەوتنخوازییە تاڵەبانییە!!

ئەو دۆخە جەهەنەم ئاسایەی کە لەژێر سایەی یەکێتی و تاڵەبانیدا، دەگوزەرێت... لە دزی و تالانیەوە بۆ گرانی و بیمافی و سەرکوت و شاهیدی رۆڵی یەکێتی و تاڵەبانییە لە دەسەلاتداریتی سەرکەوتوو!!

ئەو خێڵە بەرینە لە رابەرانی ئەحزابی سیاسی و نوسەر و رۆژنامەنووس و هونەرمەند و ... لە سێ ی مانگ و لەگەڵ مەرگی تاڵەباییدا هەموو رەخنەکانیان سفر بوونەوە، بوونە ستایش چی، بونە زمان حاڵی یەکێتی، بوونەوە بەخۆیان کە ناتوانن لە پشتیوانی خەڵکی کوردستان و بەرگری لە مافەکانیان بن.

جیگای خۆیەتی سەرنج بخەینە سەر هەڵویستی بەشیک لەو کۆمۆنیستانەش کەلە ناو قەرەبالغی و گریان و رۆرۆی خزمەتکارانی یەکێتیدا، لەپاڵ سەرانی دەوڵەتە ملهورەکاندا، لەپاڵ خێڵی مەلای بەلاشخۆردا... بۆنە قوربانی و فرمێسکیان داباراند و پەیامیان نارد و مردنی تاڵەبانیان بە کۆستی گەورە... ناوزەد کرد. ئەم هاوڕێ ئازیزانە لەکاتێکدا ئەم پەیامانە دەبەخشنەوە، کە دەزانن هاوڕێیانی حزبی هاوپەیمانیان!! بە رۆژی روناک و لەلایەن حزب و هێزە چەکدارەکانی یەکێتی نیشتیمانی حزبی تاڵەبانی گوللە باران کران و ریگەی پرسە دانیان لە خانەوادەکانیان یاساغ کراو بەکۆمەڵیش لەشەودا ژێر خاک خران تا ریگەی دوا ماڵئاوی لە هاوڕییان و خێزانەکانیان بگرن. ئەو هاوڕێ کۆمۆنیستانەمان دەزانن و لیستی تیرۆری دەیان و سەدان کادری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیان لایە کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی یەکێتی تاڵەبانیدا لەلایەن باندەکانی جمهوری ئیسلامی سێدارەو سەنگسارو تاواندا، تیرۆرکران. دەبێ لە هاوڕێ ئازیزانە بپرسین، هاوخەمن لەگەڵ کەسوکار و هاورێیانی قوربانیانی دەستی حزبەکەی تاڵەبانی، یا هاوخەمن لەگەڵ یەکێتی بۆ مەرگی تاڵەبانین... وە دەبێ پرسیاریان لێبکرێت، ئەوە چ هۆکارێکە، مردنی و مەرگی دەیان سەرکردەی سیاسی لەدنیادا، بەدەگمەنیش موی کەستان ناجولێنێ، خێرە بۆ مەرگی تاڵەبانی سکرتیری پارتێکی ناسیونالیستی کورد، هێندە هەراسان و نیگەرانن.

بێگومان ئەو هەموو ستایشەی تاڵەبانی کە بەدوای مەرگیدا، دەبەخشرێتەوە، ستایشی رۆڵ و کارنامەو نەخشی تاڵەبانییە لە نیوسەدەی رابردوودا، کە ئەوە بەرهەمەکەیەتی کە دۆزەخێک بۆ خەڵکەکەی داخراوە، کە تاڵەبانی و حزبەکەی بەشێکی سەرەکی و خولقاندنی ئەو دۆخەن. ستایشی رۆڵی تاڵەبانی، رازی بوون و ستایشی ئەو هەلومەرجە نەخوازاوەیە کەبەسەر خەڵکی کوردستاندا هێنراوە... ستایشی دەسەڵاتێکە کە دوای ٢٦ ساڵ، نەیانتوانیوە سەرەتاییترین پێداویستی وەکو ئاو کارەباو خزمەتگوزاری زۆر سادە بۆ هاوڵاتیان دابین بکەن، لە کاتێکدا داهاتێکی بێشوماریان لەبەردەست بووە.

لەکۆتایدا ماوە بڵێین, تاڵەبانی عەدالەتخواز... کە بەنیاز بوو شارەوانی بی نێژێت لەبەر نەبوونی و هەژاری!! لەگەڵ مردنیدا، ئەویش گردێکی شارەوانی داگیر کرد. گردی دەباشان کە موڵکی گشتییە، بووە موڵکی گڵکۆی تاڵەبانی...شایانی باسە ئەو گردە زیاتر لە ٢٠٠ دۆنم زەوییە... سەرکردەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بە مردویش دەست لەپاوانی سامانی گشتی هەڵناگرن.

## کۆڵبەرانی ژن لە نێوان مەراکش و ئیسپانیا هەمان کاری تاقەتپڕوکێنی کۆڵبەرانی کوردستانی ئێران دەکەن.

## کاری گرانی" کۆڵبەرانی ژن" لە نێوان مەراکش و وەجیب سبتەی ئیسپانی...

لەسنووری نێوان مەراکش و وەجیب سبتەی ئیسپانیا، هەزاران ژن پشتیان کوڕبۆتەوە لەژێر باری گرانی کۆڵیان، بۆ گواستنەوەی کاڵا. وەک کارێکی گران، بۆ بازرگانیەکی ڕێکخراو و گەشەسەندوو. بەو ژنە کۆڵبەرانە دەگوترێت" حەمباڵەکان". لە بەرەکەی تری سنووریش پێیان دەگوترێت" ژنە بارگینەکان"*، بەهۆی سەنگینی ئەو شتانەی کە دەیانگوازنەوە، کە هەندێک جار سەنگینترن لە سەنگی ژنەکان خۆیان.

پێش خۆر هەڵاتن بوو، کە پۆلێکی ڕێک وەستابوون لە پێش دەروازەی سنووری تایبەت بۆ پیادە تەرخانکراو، لەسەر گردێک دەڕوانێتە دەریای سپی ناوەڕاست، لە نێوان شاری فنیدقی مەراکش و سبتەی ئیسپانی، وەک بەندەرێکی سەربەست.

لە بەرەبەیانی زوودا، دوای پشکنینی ئاسایی. ژنان دەچنە ناو ناوچەیەکی بچووکی ئیسپانیا، ڕووبەرەکەی ١٨,٥ کم دووجایە. لەگەڵ مەلیلیە- جەیبی ئیسپانیەکی ترە لە بەری مەراکش- یەکێک لەو دووخاڵە زەمینیە سنووریانە پێکدەهێن کە یەکێتی ئەوروپا دەبەستێتەوە بە ئەفەریقا.

ئەم ڕێگایە دەچێتەوە سەر ناوچەیەکی بازرگانی کە ساڵی ٢٠٠٤ دامەزراوە و نزیکە لە خاڵی گومرگ، بۆ کەمکردنەوەی فشار لەسەر ئەو شارە، چونکە پێشتر دەبووە هۆی قەرەباڵغی زۆر بەهۆی هاتنی بازرگانە مەراکۆییەکان کە ڕۆژانە ڕوویان لە مەیدان و ناوەڕاستی شار دەکرد، بۆکڕینی کاڵا.

لەو ناوچە بازرگانیەدا، کۆگای مەزنی شتومەکی جۆراوجۆری لێیە. هەر لەجل و بەرگ و دەزگای کارەبایی و ناوماڵ و خۆراک و شتومەکی جوانکاری چینی. نرخەکان بە یۆرۆ دیاریکراوە، بەڵام بە درهەم دەکڕدرێن.

لە خاڵی چونە ژوورەوە ژنەکان ڕێنوێنیەکان وەردەگرن و پیادەی دەکەن. ئەوان بۆ ئەوە لەوێ نین کە کاڵاکان هەڵبژێرن یان سەودای بکەن، بەڵکو تەنیا بۆ گواستنەوەیان لەوێن. هەڵدەستن بە بارکردنی ئەو کیسە لاکێشەییانە کە بەهۆی گوریسێکەوە بەخۆیانیەوە دەبەستنەوە، پاشان ئەو بەهایەی کە بڕیارە پێیان بدەن، لەسەر پارچە پیتاکێک بۆیان دەنوسن و دەیاندرێتێ، دوای ئەنجامدانی کارەکەیان.

فاتمە ژنێکی تەمەن ٣٠ساڵەیە" یەکەم جاریەتی بەم کارە هەڵدەستێ". فاتیمە کە پشتی چەما بۆوە لەژێر بارە سەنگینەکەیدا گووتی" ئەو گوریسە هۆکاری ئازار دروستکردنە، و کیسەکە زۆر سەنگینە، پێیان گووتم کە سەنگەکەی ٥٠ کگم، بەڵام ناتوانم دڵنیابم لەوە". فاتمە و ژنانی دیکە ڕێگەی گەڕانەوە دەگرنە بەر، و کاڵاکان ڕادەست دەکەن. ئەو کاڵایانە هیچ ڕسومات و باجیان لەسەر نیە. ئەمە بەپێچەوانەی هەموو ئەو کاڵایانەی لە ڕێگەی سەیارەی گواستنەوە لە خاڵە سنووریە فەرمیەکانەوە دێن. دوایی پارەکەیان وەردەگرن، کە چەند یۆرۆیەک دەبێ، بەپێی سەنگ و سروشتی بارەکە دیاری دەکرێت.

ژمارەی ئەو ژنانەی کە کۆڵبەری دەکەن نزیکەی ١٥ هەزار ژن دەبن، دوای ئەوەی دەسەڵاتداران ژمارەی پەڕینەوەکانیان کەمتر کردۆتەوە کە ڕۆژانە دەپەڕنەوە، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٧ ژمارەی ترانزێتەکان دەگاتە ٤٠٠ کۆڵبەری ژن.

ڕێکخراوە نا حکومیە ئیسپانی و مەراکشیەکان بەبەردەوامی هەلومەرجی نالەبار و شەرمهێنەر و قورسی ئەو ژنانەی کە ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسیەوە لەو کارەدا، سەرکۆنەی ئەو کارە دەکەن. لەسەرەتای ئەمساڵەوە ٤ لەو ژنانە گیانیان لەدەستداوە، بەهۆی قەرەباڵەغیەوە کەوتوونەتە ژێر دەست و پێوە.

ئەحمەد بویوزانی ڕۆژنامە نووس، کە ماوەی چەند ساڵێکە لە میوانخانەی فنەیدق جێگرە دەڵێ" کۆگاکان لە لایەن قاچاخچیە مۆراکۆییەکانەوە کۆنترۆڵ کراون و ئەو ژنانە ئیستیغلال دەکەن". ئەو کاری قاچاخچیەتیە ڕێکخراوە کەسانێک بەڕێوەی دەبەن کە پەیوەندیان لەگەڵ گومرگەکان هەیە".

سەرۆکی چاودێریکردنی مافی مرۆڤ لە باکووری ئەفەریقا(محمد بن عیسی) دەڵێ" ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بەدیاری بخەین، ئەوەیە کە ئەو ژنانە قوربانی دەستی قاچاخچیانێکن، کە بەڕێکخراوەیی لە لایەن دەسەڵاتدارە ناوەخۆییەکانەوە پشتیوانی دەکرێن".

ئەوەشی گووت" ئەم گرووپانە کە پێکهاتوون لە قاچاخچیەکانی نێوان سبتە کە بەرتیل دەدەن بە پیاوانی گومرگ بۆ ئەوەی شتومەکەکانیان نەپشکنرێن، و ئەوانەی کاڵاکان وەردەگرن لەبەری مەراکش و هەڵدەستن بە کۆگاکردنی کاڵاکان لە گەراجەکان لە فنەیدق پێش دابەشکردنیان".

ئەم بازرگانیەی سەر سنوورەکان دەبێتە هۆی کرداری قاچاخچییێتی کردن لە شێوەی تر، ئەویش دروستکردنی کارتی نیشتەجێکردن( اقامە). بەپێی ڕێکەوتنێکی نێوان مەراکش و ئیسپانیا، ئەو مەراکشیانەی لە شارە نزیکەکانی سەبتەن وەک فنەیدق و گەروو( المضیق) و مرتیل و تەتوان، پێویستیان بە مۆڵەتی هاتنە ژوورەوە نیە بۆ جەیب.

بەڵام ٦٥% ی ئەو ژنە کۆڵبەرانە نیشتەجێی ئەو شوێنانە نین کە بەر لێبووردنی نیشتەجێ دەکەون. بە پێێ قسەکانی بن عیسی، جەختدەکاتەوە کە هیچ کام لەو ٤ ژنەی گیانیان لەدەستدا لە ٢٠١٧ سەر بەم ناوچەیە نەبوون.

بۆیە ئەوانەی لە دەرەوەی ئەو ناوچانە دێن، پێویستە کە بەرتیل بدەن بۆ دەستکەوتنی کارتی نیشتەجێبوون( ئیقامە) لە یەکێک لەو شارانە، کە بڕەکەی لە نێوان(٣٠٠ –٥٠٠ یۆرۆیە ).

بەپێی قسەکانی بن عیسی دەسەڵاتداران سزای هەندێک لەو فەرمانبەرانەیان داوە کە بەتیلیان وەرگرتوە. ئەحمەد بویوزان لەلایەن خۆیەوە" فەرمانبەرە جێخۆییەکان تاوانبار دەکات بە دەوڵەمەند بوونیان بەهۆی ئەم بازرگانیەوە". هەروەها سەرکۆنەی( بەرپرسە گەندەڵەکانی پۆلیس و گومرگ دەکات". دەسەڵاتدارانی مەراکشیش بە بەردەوامی بەڵێن دەدەن بە باشترکردنی ئەم هەلومەرجە، بەڵام هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەم پرسە بە هەستیاری دەمێنێتەوە.

**ئامادەکردنی: ئاراس رەشید**

دوا لاپەڕە
ژمارە (14) 15/10/2017
بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

نوسەرانی ئەم ژمارەیە:
لاوژە جەواد، شوان عەزیز، عەبدوڵا مەحمود، سەردار عەبدوڵا حەمە، ئاراس ڕەشید
بۆ پەیوەندی ڕاستەوخۆ بەسەرنووسەرەوە:
0046737403392

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:

# لەیادی هاوڕێی گیان بەختکردوو عوسمان حەسەن ناسراو بە "ئارام داود" دا

هاوڕی عوسمان یەکێک بوو لە سیما ناسراوەکانی بزوتنەوەی کرێکاریی و کۆمۆنیستی لە ناوچەی پشدەر، کەسایەتیەکی هەڵسوراوە خۆشەویست و خەم خۆرێکی نەسرەوتووی بزوتنەوەی کرێکاریی بوو. بەدوای خرۆشانی جەماوەریساڵی ۱۹۹۱دا هاوریٚ عوسمان، لە بزوتنەوەی شورایدا بەشداری چالاکانە دەکات و دەبێتە یەکێک لە هەڵسوراوانی چالاکی ئەو بزوتنەوە شوراییە لە ئۆردوگای بازیان... هەر لەدرێژەی هەڵسورانی خۆیدا و لەساڵی ۱۹۹۲دا دەست دەبات بۆ کاری ڕێکخراوەیی و بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی کرێکارو کۆمۆنیستیدا، دەست دەبەن بۆ پیکهێنانی مەحفەلێک بە ناوی" مەحفەلی کرێکاریی رابوون" و لەریگای ئەو مەحفەلەیانەوە هەوڵی پەیوەندی لەگەڵ رابەران و هەڵسوراوانی کرێکاریی و کۆمۆنیستی دەدەن و توانایی فکری و سیاسی خۆیان دەبەنە سەرەوە. لەگەڵ دەستپێکردن و هەوڵدان بۆ پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، ئەوانیش بە شورو شەوقەوە لە چاوەروانی پێکهاتنی حزبدا دەبن و بە پیکهاتنی حزب، ئەوانیش وەکو مەحفەلەکەیان پەیوەندی بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە دەکەن و لە چوارچیوەی حزبدا، کاری کۆمۆنیستی خۆیان دەبەنەحزب بوو.. وە رۆڵی بەرچاو وبەرجەستەی هەبوو لە پێکهێنانی "یەکێتی بیکاران" و" رێکخراوی سەربەخۆی خوێندکاران و لاوان" دا. بەداخەوە هاوڕی عوسمان لە بەرواری ٢٤/١٠/١٩٩٤ بە کارەساتێکی دڵتەزین گیان لەدەست دەدات... بەرزو بەرێز بێت یادی هاوڕێی گیان بەختکردوو ...

# ئیدارەی ترەمپ مۆڵەتی ڕەگەزپەرستی داوە

ئامادەکردنی: شوان عەزیز

بێ دینەکانی ئەمەریکا ئیدانەی مۆڵەتدانی ئیدارەی ترەمپ دەکەن بۆ ڕەگەزپەرستی.

دەیڤید سیلڤەرمان، سەرۆکی بێدینەکانی ئەمەریکا، چەند وتەیەکی ڕاگەیاند لە بەرامبەر ڕاسپاردەکانی هۆبەی دادپەروەری دەربارەی : پاراستنی ئازادی ئایینی..."دەیڤید بە ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە:"جێف سێشنس، چەندین جارو کات، نیشانی داوە کە ئەو لە ڕاستیدا هیچ ڕێزێکی بۆ ئازادی ئایینی نیەو لە جیاتی ئەوە، ئایین وەک بەهانەیەک دەبینێت بۆ گویٚ پێنەدان بە یاسا. جا ئەگەر بێت و خەڵکانێک کە لە ناو دەوڵەت دا بن، یاخاوەنی شوێنە گشتیەکان بن، یا کۆمپانیای گەورەو زەبەلاح بەڕێوەبەرن، ئەوا ئیدارەی ترەمپ مۆڵەتی ڕەگەزپەرستی و چەوساندنەوە بەهەموویان دەدا."

هەروەها دەیڤید وتی: " ڕاسپاردەکانی ئەمرۆ ڕێگەیەکی تری ترەمپە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنەی کە دابووی بە توندڕەوە ئایینییەکانی باڵی ڕاست لە ئەمەریکا. کە هەر ئەوانیش بوون پشتی ترەمپ یان گرت لە دەنگداندا. ئەو ئیدارەیە شکستی هێنا لە بەرامبەر یاسای یەکسانی لە زەواج وهەروەها شکستیشیان هێنا لە یاسای دژی ڕەگەزپەرستیدا. بۆیە ئێستا ڕێگەیەکی تریان گرتۆتە بەر کە داوا دەکەن بواردن و مامەڵەی تایبەت هەبێت" دەیڤید سیلڤەرمان بەراوردی ئیدارەی ترەمپ و ٥٠ ساڵ پێش ئێستای کردو و ڕایگەیاند:

"ئەو دەمارگیرە ڕەگەزپەرستانەی ئێستا، کە مەبەستی ئیدارەی ترەمپە، هیچ جیاوازیەکیان لەگەڵ ڕەگەزپەرستەکانی ٥٠ ساڵ پێش ئێستادا نیە. هەمان بیانوویان هەیەو مناقەشەی دەکەن وهەمان شتیش داوا دەکەن. دەیانەوێت ئەو یاسایە وەلابنێن کە مافی کەمایەتیەکان دەپارێزێت. چونکە ئیدارەی ترەمپ گویٚ بە یەکسانی نادات وئەوان هەر هەڵپەیانە بۆ دەسەڵاتی باڵای ڕەگەزپەرستانەی خۆیان.

## دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو 2017-10-28

# پەیامێک لە کۆمۆنەی پاریسەوە

وڵاتیٚ ئێمە عیبارەتێکە،هەڵەیەکە! ئینسانیەت واقیعیەتێکە، ڕاستیەکە.
وڵات وشەیەکە وەک بت وخوداکان کە لەلایەن قەشەو پاشاکانەوە دروستکراوە تا زیندەوەرە خاوەن هەستەکان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بخەنە ژێرچاودێریەوە،جێگایەک لەبەرژەوەندی ئاغاکان،لەژێر چاودێری ئەواندا وبەناوی پیگەی چەپەڵ یانەوە لە کوێلایەتیدا بیان هێڵنەوە.
ئەوەی کە ئێمە بەڕکەوت لیرە یان لەویٚ لەدایک بوین ،نەتەوەی ئیمە دەگۆڕێت وە دۆست ودوژمن مان لیٚ دروست ئەکات.لێگەڕێن بائێتر مل بەم یاریە گەمژانەیە نەدەین وئەو گاڵتە جاڕیەی کە بەردەوام ئیمە لە زینداندا ئەهێڵێتەوە،دورکەوینەوە.
"وڵات"بەوشەیەکی بێناوەرۆک بۆ دابەشکردنێکی بیٚ بەهای ئیداری بگۆڕدرێت.وڵاتی ئێمە جێگایەکە ژیان تییدا ئازاد بێت وکار تێیدا ئاوەڵابێت!
خەڵکینە ،کرێکاران!
خۆر لە کاتی هەلهاتندایە.بەئومێدی ئەوەی کە ئەم تاریکستانە کۆتایی بێت.
بڕوخی سەرکوتگەرو جەلادەکان
" فەرەنسا مردوە، بژی مرۆڤایەتی!"

**وەرگێرانی: کاوە عومەر**

# ئەم رۆژنامەنووسە رۆشنفکرە گەمژەیە کە دەڵێ ئەو توندوتیژیەی ئیسپانیا زەربەیەکی گەورەیە لە دیموکراسی

ds
n
rn

Shocking violence in Spain is a big blow to democracy

THE appalling images of Spanish government-authorised police thugs brutally attacking its own citizens at polling stations during Sunday's referendum in Barcelona is just another example of how the EU's understanding of democracy differs from that of the rest of the world.
It would seem that the legacy of the dictator General Franco is alive and well in Madrid. But the Spanish government will learn, to its cost, that its heavy-handed response to the referendum has done is give even

wielding riot cops pushed against people trying to decide their own future, leaving hundreds injured.
Rajoy has brought shame on Spain and has shown the world what European "democracy" really is.
**Sasha Simic**

THE recent events in Catalonia and the brutality of the Spanish government's response to the so-called "referendum" have demonstrated beyond doubt the folly of any current or future British

fight at its peril", September 29] reveals an extraordinary ignorance of Spanish history and manipulates information in an unacceptable way.
It is not true that Bourbon troops seized Catalonia for Spain in 1714 or that Catalans had fought for independence since then. Catalonia, as part of the kingdom of Aragon, had merged with the kingdom of Castile in the 15th century, when the unity of Spain emerges.
It is even more preposterous to wri that Catalans fought for independen

من تێناگەم بۆ زەربەی گەورەیە؟
من ئەڵێم نە زەربەیە نەهیچ لە دیموکراسی... ئەوە زۆر تەبیعی یە بۆ دیموکراسی
سەرمایەداری لەهیچ سڵ ناکاتەوە کاتیٚ بەرژەوەندیەکانی دەکەوێتە مەترسییەوە
ئیتر پەنا بۆ هەموو شتێک دەبات
دیموکراسی دروستکراوی سەرمایەدارییە بۆ جوانکردنی رووخساری زشت و ناشرینی
هەر کاتێک پێویست بوو شەقێک لە دیموکراسی هەڵئەدا و دەیکات بە تۆپو
خۆ مەگەر دیموکراسی هەر ئازادی نیە، بەلام بۆ خەلک نا تەنها بۆ سەرمایەداری و سەرمایەداران
ئیٚ کاتیٚ وجودی کەوتە مەترسییەوە کاری بە جوانکاری چیە، رووخساری واقیعی دیموکراسیەت پیشاندەدات.
ئیٚ هەر لە حوکم فەرمایی دیموکراسیدا نیە کە ملیۆنەها خەلک بێکارن، بیٚ خانەولانەن، سەدان هەزار کەس هەر لە لەندەن فوود بانک (Food Bank) ئیستفادە دەکەن واتە خواردنێکە بۆ کەسانی نەدارا وبێخانە ولانە دەدریتە بێکاران و بیٚ دەرەتانان.

**ئامادەکردنی سالار حەمە سەعید**